گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پرۆگرامی پەروەردەیی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا-

## قۆناغی خوێندنی یەکەمی بنەڕەتی وەك نموونە

**شوان رحيم كريم**
بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین , هەولێر، هەرێمی کوردستان, عێراق.
shwan82.hroch@gmail.com

**پ.ی د. ئەسرین زرار قادر**
بەشی کۆمەڵناسی ، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین ,هەولێر، هەرێمی کوردستان, عێراق.
asrin.qader@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٥/٢٠
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٧/٦
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٧

**ووشە سەرەکییەکان**
*Educational Program, Role, Human Rights Development, Progressive Education Theory, Content Analysis Methodology*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.11.3.24

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنێکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان"ی قۆناغی خوێندنی یەکەمی بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراقدا، تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ئەم پرۆگرامە لە گەشەپێدانی چەمک و بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ لای فێرخوازان. توێژینەوەکە لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکەدا پشتی بە ستووە بە بنەماکانی تیۆری "پەروەردەی پێشکەوتنخواز" کە لەلایەن جۆن دیوی( John Dewey 1859-1952 ) فەیلەسوف و پسپۆڕی پەروەردەیی بە ڕەچەڵەك ئەمریکی بونیادنراوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی و شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی وردی یەکە، تێکست، وێنە و چالاکییەکانی ناو پرۆگرامەکە. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە خوێندنەوەیەکی زانستییانە بۆ پرۆگرامێکی پەروەردەیی پێشکەش دەکات و هەوڵدەدات ئەو ماف و بەهایانە دیاری بکات کە جەختیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لێکراوەتەوە یان کەمتر تیشکیان خراوەتەسەر یاخود پشتگوێخراون. ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: خستنەڕوو و هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە، دیاریکردنی مافە گرنگیپێدراو و پشتگوێخراوەکان، خستنەڕووی ڕێ و شوێنە پەروەردەییە نوێکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا. کۆمەڵگای توێژینەوەکە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە و نموونەکەش پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان"ی پۆلی یەکەمی بنەڕەتییە. یەکەکانی شیکاریش هەموو پێکهاتەکانی پرۆگرامەکە دەگرێتەوە. توێژینەوەکە چاوەڕوان دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ پلاندانەران و بەرپرسانی بواری پەروەردە و یارمەتیدەربێت بۆ پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردە بە ئاراستەی زیاتر گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ.

## پێشەکی

جیهانی هاوچەرخ، بەهۆی شۆڕشی تەکنەلۆژی و دیاردەی بەجیهانیبوونەوە، گۆڕانکاری خێرای بەخۆیەوە بینیوە. بەجیهانیبوونی کولتووری، وێڕای لایەنە ئەرێنییەکانی وەک نزیککردنەوەی کولتوورەکان و پەرەپێدانی بەها گەردوونییەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ، هەڕەشەشە بۆ سەر ناسنامە و بەها خۆجێییەکانی کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکان. هەرێمی کوردستانیش، وەک بەشێک لەم جیهانە، ڕووبەڕووی کاریگەریی ئەم گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییانە بووەتەوە، کە بووەتە هۆی هاتنەناوەوەی بەهای نوێ و چەمکی جیهانی، لەوانە گرنگیدان بە مافەکانی مرۆڤ. ئەمەش هەندێک جار ناکۆکی لەگەڵ بەها و دابونەریتە باوەکان دروست دەکات.

لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا، سیستەمی پەروەردە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگا و بنیادنانی نەوەیەکی هۆشیار. بابەتی مافەکانی مرۆڤ، سەرەڕای گرنگیپێدانی زیاتر لەم ساڵانەی دواییدا لە هەرێمی کوردستان،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێشتا وەک چەمکێکی نوێ سەیر دەکرێت و پێویستی بە کاری زیاتر هەیە بۆ تێگەیشتنی قووڵتر. لێرەوە، دامەزراوە پەروەردەییەکان و بەتایبەتی پرۆگرامەکانی خوێندن، ئەرکی سەرەکییان چەسپاندن و گەشەپێدانی کولتووری مافەکانی مرۆڤە. هەر بۆیە، گۆڕانکاری بەردەوام لە پرۆگرامە فێرکارییەکاندا کراوە، بە مەبەستی گونجاندنیان لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵایەتی، بنەما نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و پێشهاتە جیهانییەکان.

پرۆگرامە پەروەردەییەکان تەنها گواستنەوەی زانیاری نین، بەڵکو ڕۆڵی سەرەکییان لە پەروەردەکردن و گەشەپێدانی کارامەیی، ڕەوشت و بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. ئەم توێژینەوەیە، بە شێوازێکی شیکاری و زانستی، هەوڵدەدات ڕۆڵی پرۆگرامە پەروەردەییەکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبسەنگێنێت. بەتایبەتی، تیشک دەخاتە سەر پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" بۆ قۆناغی خوێندنی یەکەمی بنەڕەتی.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە چوار باسی سەرەکی: باسی یەکەم،ڕەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە. باسی دووەم، ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکان و تیۆری توێژینەوەکە. باسی سێیەم، پرۆگرامە پەروەردەییەکان و پەیوەندییان بە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤەوە. باسی چوارەم، قۆناغی بنەڕەتی خوێندن و باکگراوندی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان. لەگەڵ خستنەڕووی دەرئەنجام و پیشنیازەکانی توێژینەوەکە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی پرۆگرامی پەروەردەیی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا-

## قۆناغی خوێندنی یەکەمی بنەڕەتی وەك نموونە

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکان و میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### 1-1. بابەتی توێژینەوەکە

جیهان لەژێر کاریگەری شۆڕشی تەکنەلۆژی و بەجیهانیبوونی کولتووریدایە، کە هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە. بەجیهانیبوونی کولتووری دوو ڕووی هەیە: لە لایەک، هەڕەشەیە بۆ سەر بەها تایبەتەکانی کۆمەڵگا تازەپێگەیشتووەکان، لە لایەکی ترەوە، کار لەسەر نزیککردنەوەی کولتوورەکان و پەرەپێدانی بەها گەردوونییەکانی وەک مافەکانی مرۆڤ دەکات. هەرێمی کوردستان-عێراقیش بێبەش نییە لەم کاریگەرییانە؛ گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە هۆی هاتنەناوەوەی بەهای نوێ کە هەندێک جار لەگەڵ کولتووری کوردی دەکەونە ناکۆکییەوە. هاوکات، چەمکەکانی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی چین و توێژە جیاوازەکان بەتایبەتی، زیاتر هاتوونەتە ناو کۆمەڵگای کوردییەوە. لەم نێوەندەدا، سیستەمی پەروەردە وەک گرنگترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت.

چەمکی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان بابەتێکی نوێیە و تێگەیشتن لێی پێویستی بە کاری زیاترە. لەبەر گرنگی پەروەردە، ساڵانێکە مافەکانی مرۆڤ خراونەتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە و چەندین جار گۆڕانکارییان تێدا کراوە بۆ گونجاندنیان لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵایەتی، بنەما نێودەوڵەتییەکان و پێشهاتە جیهانییەکان. گرنگی پرۆگرامە پەروەردەییەکان تەنها لە فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیدا نییە، بەڵکو لە پەروەردەکردن، گەشەپێدانی کارامەیی و بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەردەکەوێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ڕۆڵی پرۆگرامە پەروەردەییەکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبسەنگێنێت، بەتایبەتی لە ڕووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەرەپێدانی چەمك و بەهاكانی مافی مرۆڤەوە. بابەتی سەرەكی توێژینەوەكە گەڕانە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا: پڕۆگرامی پەروەردەیی "كارامەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان" چی ڕۆڵێكی هەیە لە گەشەپێدانی مافەكانی مرۆڤ لە قۆناغی خوێندنی پۆلی یەكەمی بنەڕەتی لە سیستەمی پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان-عێراقدا؟ توێژینەوەكە تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەم پڕۆگرامە وەک ئامرازێک بۆ چەسپاندنی كولتووری مافی مرۆڤ لەنێو نەوەی نوێدا و ئامادەكردنیان بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئاڵنگارییەكانی سەردەم.

## 2-1.گرنگی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە گرنگییەكی تایبەتی هەیە لە بواری پەروەردە و مافەكانی مرۆڤ، وەكو بوارێكی پسپۆڕی لە كۆمەڵناسی پەروەردەدا. گەشەپێدانی هۆشیاریی مافەكانی مرۆڤ لە ڕێگای پڕۆگرامە پەروەردەییەكانەوە پێویستییەكی هەنووكەییە. بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوە بە پشتبەستن بە  تیۆر و میتۆدی زانستی، گرتنەبەری ڕێكاری زانستی و وەرگرتنی زانیاری لە واقیعی كۆمەڵگا، گرنگی خۆی هەیە.
خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیيانەی پڕۆگرامی كارامەیی و بەها كۆمەڵایەتییەكان، دەرفەتێكی گرنگ دەڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان پەروەردە و پڕۆسەی گەشەسەندنی كۆمەڵایەتیدا. دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ پلاندانەران و بەرپرسانی بواری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان- عێراق، دەرئەنجام و پێشنیازەكانی دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ داڕشتنی ستراتیژییەت و پلانی نوێ لە پێناو پەرەپێدانی سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەک کە زیاتر گرنگی بە مافەكانی مرۆڤ و شكۆی مرۆڤایەتی بدرێت لە پڕۆگرامی پەروەردەییدا.

## 3-1.ئامانجەكانی توێژینەوەکە

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەكە خۆی دەبینێتەوە لە هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پڕۆگرامە پەروەردەییەكان لە گەشەپێدانی مافەكانی مرۆڤ لە هەرێمی كوردستان-عێڕاقدا، بە تایبەتی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گرنگترین ئامانجە لاوەکییەکانی تویژینەوەکە بریتین لە:

**1-3-1-** خستنەڕوو، هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی خوێندنی پۆلی یەکەمی بنەڕەتی لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراقدا>

**2-3-1-** خستنەڕووی پەیوەندی نێوان پەروەردەو مافی مرۆڤ و چۆنێتی بەشداریکردنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بڵاوکردنەوەی کولتووری مافەکاندا.

**3-3-1-** خستنەڕووی رۆڵی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە چەسپاندنی ڕەفتاری ئەرێنی و ڕێزگرتن لە کەرامەتی مرۆڤ وکلتوورە جیاوازەکان لەرێگەی فێربووونەوە.

**4-3-1-**دیاریکردنی ئەو مافانەی لە پرۆگرامی پەروەردەیی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا گرنگییانپێدراوە، هەروەها ئەو چەمك و بەهایانەی کە پشتگوێخراون.

**5-3-1-** خستنەڕووی ڕێ و شوێنە پەروەردەییە نوێکان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان-عێراقدا.

## 4-1. میتۆدی تویژینەوەکە Research Methodology

لەم تویژینەوەیەدا لە ڕێگای بەکارهێنانی میتۆدی چۆنایەتی، شێوازی شیکاری ناوەڕۆک بەکارهێنراوە کە هەندێکجار بە میتۆد و هەندێکجاریتریش بەشێوازێکی زانستی بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان لە میتۆدی چۆنایەتی بەکاردەهێنرێت.

شیکاری ناوەڕۆک (content analysis ) شێوازێکی زانستییە بۆ تویژینەوە و هەڵسەنگاندنی تێکست، دۆکیومێنت، یان پەیامەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بابەتی، ئەمەش پشتبەستە بە تێڕوانینێکی قووڵ بۆ دەرهێنانی مانا، بیرۆکە و مەبەستەکان کە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕۆکەکەدان. لەم شێوازەدا، توێژەر هەوڵدەدات بۆ دەرخستنی پەیوەندییە شاراوەکان، نماییشکردنەکان و پێکهاتەکانی ناوەڕۆک بەبێ بەکارهێنانی چەندایەتی و ژمارە (الدليمي، 2019: 147). بەکارهێنانی شیکاری ناوەڕۆک بۆ کتێبی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان(پۆلی یەکەم)، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. یارمەتی توێژەر دەدات بە قووڵی بچێتە ناو پەیامە نهێنییەکان و چەمکەکانی مافەکانی مرۆڤ لەناو ئەم کتێبەدا، ئەمەش بە پشت بەستن بە بنەما تیۆرییەکانی بواری پەروەردە و بنەما نێودەوڵەتییەکان کە لەبواری مافەکان و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا دەرچوێندراون.

## 5-1. کۆمەڵگای توێژینەوەکە Research Population

کۆمەڵگای توێژینەوەی بەردەست، بریتییە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراق، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی. خوێندنی بنەڕەتی یەکەم قۆناغی خوێندنە و ناچارییە، نۆ پۆلی خوێندن لەخۆدەگرێت (پۆلی یەکەم تا نۆیەم). هەر منداڵێك تەمەنی لە (6-15) ساڵ بێت لەم قۆناغەی خوێندندا درێژە بە خوێندن دەدەن.

## 6-1. نموونەی توێژینەوەکە Research Sample

نموونەی توێژینەوەی بەردەست، بریتییە لە پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" کە لە قۆناغی خوێندنی بنەرەتی لە پۆلی یەکەم دەخوێندرێت. هەڵبژاردنی ئەم نموونەیە بەشێوەی مەبەستدارە، لەبەرئەوەی یەکێکە لە پرۆگرامەکانی خوێندن لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چەمکەکانی مافی مرۆڤی لەخۆگرتووە و تیایدا دەخوێندرێن، هەروەها پۆلی یەکەم بە قۆناغی بنەڕەتی و چاندنی یەکەمین تۆوەکانی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت. هەر بەها و چەمکێک لەم تەمەنەدا بە منداڵ بناسرێت، کاریگەریی قووڵ و درێژخایەنی لەسەر کەسایەتیی داهاتووی دەبێت. بۆیە توێژەر دەیەوێت بزانێت چۆن چەمکە سەرەتاییەکانی مافی مرۆڤ لە یەکەم وێستگەی فەرمیی خوێندندا دادەڕێژرێن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 7-1.یەکەکانی شیکار Unit of Analysis

توێژەر لە شیکردنەوەی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا هەموو ئەو یەکانەی لە بەش و تەوەرە جیاجیاکاندا هاتوون، شیکردنەوەی بۆ کردوون، بۆ نمونە ئەو وشە و چەمکانەی پرۆگرامەکە لەخۆی گرتوون وەك( من، من و خیزانەکەم، من دەوروبەر، من قوتابخانە ، من و کۆمەڵگاکەم، مافی خوێندن، مافی پەروەردە و فێرکردن، پاك و خاوینی، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دڵسۆزی). یاخود، خوێندنەوە و شیکارکردن بۆ هەر چوار تەوەرەی سەرەکی پرۆگرامەکە کە بریتین لە( هاووڵاتیبوون، مافەکان، کارامەییەکان و بەهاکان) لەگەڵ ئەو پەیامانەی تیایاندا هاتوون، هەروەها شیکردنەوە بۆ هەر ڕستەیەك کە لەژێر تەوەرەکانی( بیرکردنەوە، ڕاهینان، چالاکی، پرۆژە، گفتوگۆ، پرسیار، ئەرکی ماڵەوە )دا هاتوون لە پرۆگرامەکەدا. توێژەر هەستاوە بە خوێندنەوە و شیکاری بۆ سەرجەم ئەو وێنانەی لە پرۆگرامەکەدا وەك ڕوونکردنەوەی بابەتەکان دانراون. خوێندنەوە بۆ سەرجەم ئەو چیرۆك و بەسەرهاتانەی لە کتیبەکەدا هەن، لەگەڵ شیکارکردنی سەرجەم ئەو دەقانەی لە پرۆگرامەکەدا لەژێر ئەو تەوەرە و بابەتانەی لە پرۆگرامەکەدا خراونەتەڕوو.

## باسی دووەم: ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکان و تیۆری توێژینەوەکە

### 2- 1- ڕوونکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا، سێ چەمکی سەرەکی ڕۆڵی بنەڕەتی دەگێڕن، ئەوانیش: پرۆگرامە پەروەردەییەکان، ڕۆڵ و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤن. ئەم چەمکانە پێکەوە چوارچێوەیەکی تیۆری پێکدەهێنن کە لەمیانەیانەوە دەتوانین ڕۆڵی پەروەردە لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا شیبکەینەوە. بۆیە لەم باسەدا چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە ڕووندەکرێتەوە :

## 2-1-1- پرۆگرامە پەروەردەییەکان Educational Programs

پرۆگرامە پەروەردەییەکان، کۆمەڵێک چالاکی و ئەزموونی پلان بۆ داڕێژراون کە لە لایەن دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە پێشکەشدەکرێن، بە مەبەستی گەشەپێدانی تواناکانی فێرخوازان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا (المرعي،2015: 78). لە پێناسەیەکیتردا، پرۆگرامە پەروەردەییەکان سیستەمێکی یەکگرتووە لە ناوەڕۆک، میتۆد و چالاکییە پەروەردەییەکان کە بە شێوازێکی زانستی و سیستەماتیک داڕێژراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان لە چوارچێوەی فەلسەفەی کۆمەڵگا و پێداویستییەکانی سەردەم (بەکر،2018 : 123). لە گۆشەنیگای نێودەوڵەتییەوە، پێناسەی پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دەکرێت وەک پرۆسەیەکی سیستەماتیک و ڕەنگدانەوەی وەرگێڕانی بنەماکانی فێربوون بۆ کەرەستەی فێرکاری، چالاکییەکان، سەرچاوەی زانیاری و هەڵسەنگاندن (Smith and Ragan,2019:p.4) .

لەم توێژینەوەیەدا، مەبەست لە پرۆگرامە پەروەردەییەکان، ئەو بەرنامە و چالاکییانەن کە پەیوەندیدارن بە پەرەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و کارامەییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دوتوێی پرۆگرامێکی پەروەردەییدا لە لایەن لێژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراقەوە دانراوە، بە ناونیشانی ( کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) بۆ قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی( پۆلی یەکەم). ئەم پرۆگرامە لە چوار بەشی سەرەکی پیکهاتووە کە بریتیین لە: کارامەییەکان، هاووڵاتیبوون، مافەکان و بەهاکان.

## 2-1-2- ڕۆڵ Role

ڕۆڵ، واتە ئەو کۆمەڵە ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی کە تاک لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا ئەنجامیان دەدات، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە و لە چوارچێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دیاریدەکرێت. هەر تاکێک لە کۆمەڵگادا چەندین ڕۆڵی جیاواز دەگێڕێت (Biddle, 2013: 78)، بەواتای ئەوەی کەسێک دەتوانێت هاوکات باوک، مامۆستا و ئەندامی ڕێکخراوێک بێت. هەر ڕۆڵێک کۆمەڵێک ئەرک، ماف و بەرپرسیارێتی لەخۆدەگرێت کە پێویستە تاک پابەندیان بێت. ڕۆڵ تەنها ئەو ڕەفتارانە نین کە تاک ئەنجامیان دەدات، بەڵکو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەیوەندی بە چۆنییەتی تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەو ڕۆڵەوە هەیە لە لایەن تاکەوە (الجوهري، 2016: 92). ئەم چەمکە بە تایبەتی لە بواری کۆمەڵناسی و دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا بەکاردێت و ئاماژەیە بۆ ئەو ئەرکانەی کە چاوەڕوان دەکرێت تاکێک یان دامەزراوەیەک یان دیاردەیەک جێبەجێیبکات لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکیتردا، وەک: ڕۆڵی مامۆستا بەرامبەر فێرخواز یان ڕۆڵی مێدیا لەسەر کۆمەڵگا (عەبدوڵڵا، 2020: 25).

ڕۆڵ، لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە: هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی پرۆگرامە پەروەردەییەکان لە هەرێمی کوردستان- عێراق، بەتایبەتی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە گەشەپێدانی هۆشیاری و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ڕۆڵیان لە گۆڕانکاری شێوازی بیرکردنەوە و ڕەفتاری فێرخوازاندا، لە ڕێگای ئەو تەوەر و بابەتانەی لە پرۆگرامەکەدا خراونەتەڕوو.

### 3-1-2-گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ Human Rights Development

پاش ئەو شکستەی ڕووبەڕووی تێڕوانینی ئابووری بۆ گەشەپێدان بووەوە، دوای ئەو پێشکەوتن و تێگەیشتنەی لە پێناسەکردنی چەمکی گەشەپێداندا هاتەئاراوە، لەگەڵ پەیدابوونی چەمکی گەشەپێدانی مرۆیی، پەیوەندی نێوان گەشەپێدان و مافەکانی مرۆڤ بووە بابەتێکی حەتمی، هەروەها بووە هۆی پەیدابوونی چەمکێکی نوێی گەشەپێدان کە "گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ" ە.

گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ (Human Rights Development) پرۆسەیەکی بەردەوامە، تێیدا کۆمەڵگا و دەوڵەت پێکەوە کاردەکەن بۆ دابینکردنی ئازادی و شکۆی تاک لە چوارچێوەی سیستەمێکی یاسایی و دامەزراوەیی پتەودا (نەجاتی، 2018: 45). یاخود، پێناسەدەکرێت بە کۆمەڵێک هەنگاوی یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی کە دەوڵەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەیگرنەبەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان لە پێشێلکاری (علوان، 2020: 112)، هەروەها جەک دۆنەللی (Jack Donnelly) بیرمەندی ئەمریکی لە بواری مافەکانی مرۆڤدا، گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ بە پرۆسەیەکی بەردەوام دادەنێت بۆ بەرفراوانکردن و قووڵکردنەوەی تێگەیشتن و جێبەجێکردنی مافەکانی مرۆڤ لە

کۆمەڵگادا، کە پێویستی بە گۆڕانکاری لە یاسا و سیاسەت و پراکتیکی کۆمەڵایەتی هەیە ( Donnelly, 2021: 156).

لەم توێژینەوەیەدا، گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ بریتییە لەو هەوڵ و ڕێکارانەی لە هەرێمی کوردستان- عێراق دەدرێن بۆ زیادکردنی هۆشیاری و پەرەپێدانی کولتووری ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پێگەیاندنی تاکەکان بۆ بەرگریکردن و پاراستنی ئەم مافانە، کە لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا وەکو کەرەستەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری خراونەتەڕوو، بەتایبەتی لە پرۆگرامی ( کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) کە یەکێکە لە پرۆگرامەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، چەند بابەتێکی لەخۆگرتووە، وەك: کارامەییەکان، هاووڵاتیبوون، مافەکان و بەهاکان.

## 2-2- تیۆری توێژینەوەکە

تیۆری پەروەردەی پێشکەوتنخوازی جۆن دیوی Progressive - John Dewey Education Theory

جۆن دیوی( John Dewey 1859-1952 ) فەیلەسوف و پسپۆڕی پەروەردەیی بە ڕەچەڵەك ئەمریکی، یەکێکە لە دیارترین پێشەنگەکانی فەلسەفەی پراگماتیزم و فەیلەسوفی بواری پەروەردە و فێرکردن کە کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر تێگەیشتنی نوێی پەروەردە هەبووە. دیوی بە دامەزرێنەری سەرەکی تیۆری پەروەردەیی پێشکەوتنخواز دادەنرێت ( Smith, 2019: 78). پێیوایە پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و ناکرێت لە ژیانی ڕاستەقینەدا داببڕێندرێت. لە کتێبە بەناوبانگەکەی "دیموکراسی و پەروەردە Democracy and - Education "دا، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، قوتابخانە پێویستە وەک کۆمەڵگایەکی بچووک بێت کە منداڵان تێیدا فێری ژیانی ڕاستەقینە دەبن (احمد، 2020: 103). ئەم تێڕوانینە دواتر بوو بە بنەمایەک بۆ زۆر لە ڕێبازە. ئەم تیۆرە لەسەر چەند بنەمایەکی فەلسەفی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی دامەزراوە کە بریتین لە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-2-1- فێربوون لە ڕێگای کردارەوە- Learning by Doing:**

پێویستە فێرخواز ڕۆڵێکی چالاکی هەبێت لە پرۆسەی فێربووندا و تەنها وەرگری زانیاری نەبێت. ئەم بنەمایە جەخت لەسەر گرنگی ئەزموونی ڕاستەوخۆ دەکاتەوە لە فێربووندا (Dewey,2018: 145). پێویستە پرۆگرام توانای گۆڕانکاری و گونجاندنی هەبێت بەپێی پێداویستی فێرخوازان و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و بارودۆخی ژینگەی فێرکاری ( Wilson, 2020: 145). یەکپارچەیی ناوەڕۆک خاڵێکیترە کە تیۆرەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، بە جۆرێک کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان بابەتە جیاوازەکان، تیۆری و پراکتیک، قوتابخانە و ژیانی ڕاستەقینەدا دروستدەکات (العمري، 2021: 167).

**2-2-2-دیموکراسی لە پەروەردەدا- Democracy and Education:**

ئەم بنەمایە جەخت لەسەر گرنگی بەشداری فێرخوازان لە بڕیاردان و ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان دەکاتەوە. پەیوەندی نێوان پەروەردە و دیموکراسی بابەتێکی گرنگە لە بیرکردنەوەی دیویدا. ئەو پێیوایە کە پەروەردە و دیموکراسی دوو چەمکی لێک جیا نەکراوەن و پەروەردە پێویستە فێرخوازان ئامادە بکات بۆ ژیان لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسیدا (الجابری، 2017: 212).

**2-2-3-پەیوەندی نێوان قوتابخانە و ژیان(The Connection Between School and Life)**

ناوەڕۆکی فێرکاری پێویستە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان و ئەزموونە ڕاستەقینەکانیان هەبێت. پرۆگرامی پەروەردەیی لەسەر بنەمای ئەزموون و پێداویستییەکانی فێرخواز دادەڕێژرێت، نەک تەنها لەسەر بابەت و زانیاری. هەر فێربوونێک کە پەیوەندی بە ئەزموونی پێشووی فێرخوازیەوە نەبێت، بێ سود و بێ واتایە (الخالدي، 2018: 89).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-2-4-گەشەی هەمەلایەنەی کەسایەتی- Progressive Education Principles:**

پەروەردە تەنها پەیوەست نییە بە لایەنی زانستییەوە، بەڵکو پێویستە هەموو لایەنەکانی کەسایەتی فێرخواز بگرێتەوە. لەوانە: ڕێزگرتن لە تاک، ئازادی بیروڕا و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی (الشمري، 2023: 178).

**2-2-5-یەکسانی و دادپەروەری(Equality and Justice) :**

تیۆرەکە جەخت لەسەر یەکسانی دەرفەت دەکاتەوە، کە مانای ئەوەیە هەموو فێرخوازیەک مافی یەکسانی هەیە لە بەشداریکردن، دەربڕینی ڕا و بۆچوون و فێربوون بەپێی توانای خۆی. (Thompson, 2023: 190). ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان بنەمایەکیتری گرنگە لەم تیۆرەدا کە جیاوازی کولتووری، کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی دەگرێتەوە. لە هەمان کاتدا گرنگییەکی تایبەت دەدات بە بەها کۆمەڵایەتییەکان وەک: هاوکاری، کاری بەکۆمەڵ، خزمەتکردنی کۆمەڵگا و بەرپرسیارێتی هاوبەش (Davis, 2022: 167).

**2-2-6-هەڵسەنگاندنی بەردەوام و فرەلایەن(Continuous and Multi-dimensional Assessment):**

هەڵسەنگاندن نابێت تەنها لە کۆتایی وەرزی خوێندن یان لە ڕێگای تاقیکردنەوەی کلاسیکییەوە بێت، بەڵکو پێویستە پرۆسەیەکی بەردەوام و فرەلایەن بێت.

**2-2-7- فێربوونی کۆمەڵایەتی(Social Learning):**

لێرەدا جەخت لەسەر گرنگی کاری گروپی و فێربوون لە ڕێگای کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. دەربارەی میتۆدە فێرکارییەکان لە دامەزراوە فێرکاری و پەروەردەییەکان جەخت لە میتۆدەکانی: فێربوون بە کردار، چارەسەرکردنی کێشە، میتۆدی پرۆژە، میتۆدی توێژینەوە دەکاتەوە وەکو میتۆدی کاریگەر و چالاك لە قوتابخانەکاندا (Anderson, 2021: 24).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**8-2-2- پەروەردەی ڕەخنەیی(Critical Education):**

ئەم بنەمایە جەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و توانای شیکردنەوە لای فێرخوازان دەکاتەوە. بە تێروانینی دیوی، ئامانجی سەرەکی پەروەردە، پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی زانستی و ڕەخنەگرانەیە لای فێرخوازان، ئەمەش لە ڕێگای چارەسەرکردنی کێشە و ئەنجامدانی پرۆژەی پراکتیکییەوە دێتەدی (Simpson and Stack, 2017: 145).

لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەین تیۆری پەروەردەی پێشکەوتنخواز گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی و پرۆگرامە پەروەردەییەکان بە تایبەتی دروستکرد. لەم تیۆرەدا، پەروەردە تەنها پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی زیندوو و کارلێککارە کە تێیدا فێرخواز ڕۆڵێکی چالاک و کاریگەری هەیە. ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فێربوون پێویستە لە ڕێگای ئەزموون و کارلێکی ڕاستەوخۆوە بێت، نەک تەنها لە ڕێگای وانە و پەرتووکەکانەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەم تێورە  لە سیستمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان کاریگەریی ئەرێنی زۆری دەبێت، پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن بە گشتی و بە تایبەت پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان فێربوونی کردەیی و ئەزموونی پەیوەست بە ژیانی واقعی فێرخواز لەخۆبگرن، بەشێوەیەك فێرخواز ڕۆڵی چالاکی هەبێت. هەروەها، بۆ پتەوکردنی چەمك و بەها مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە ژینگەی قوتابخانەکان دیموکراتیانەبێت و هانی بەشداریکردن، بیری ڕەخنەگرانە، فێربوونی هاوکاری و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بدات.

## باسی سێیەم: پرۆگرامە پەروەردەییەکان و پەیوەندییان  بە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤەوە

### 1-3- گەشەپێدان و پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ

گەشەپێدان و مافەکانی مرۆڤ، ئەو چەمکە گرنگ و پەیوەندار و هاوتەریبەن، وای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، چەندین بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەربارەیان پەسەندبکات، بۆنموونە ڕێکخراوەکە لە ساڵی 1986 بە بڕیاری ژمارە 128/41 بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی جاڕنامەی مافی گەشەپێدانی پەسەندکرد (Declaration on the Right to Development - DRD)کە گرنگییەکی تایبەتی هەیە لە بواری مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێداندا.

ئەم جاڕنامەیە پێداگری لەسەر پەیوەندی نێوان پەروەردە و گەشەپێدان دەکات وەک دوو چەمکی لێکدانەبڕاو. لە ماددەی هەشتەمدا بە تایبەت جەخت لەسەر ڕۆڵی پەروەردە لە پرۆسەی گەشەپێداندا دەکاتەوە ، هەر لەم ڕوانگەیەوە جەخت دەکاتەوە کە پرۆگرامە پەروەردەییەکان پێویستە بە شێوەیەک دابڕێژرێن کە لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەپێداندا بگونجێن و ببنە هۆی بەهێزکردنی توانا مرۆییەکان، هەروەها پێویستە ئەم پرۆگرامانە لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەری بن و گرنگی بە پەرەپێدانی کەسایەتی و تواناکانی تاک بدەن .

هەرچی چەمکی گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤە، بەواتای پێگەیاندنی تاك و کۆمەڵگایە لە ڕێگای ڕۆشنبیرکردن و فێرکردن سەبارەت بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ. ئەم چەمکە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و بەتایبەتی دوای دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی 1948، گرنگییەکی تایبەتی وەرگرت (UNESCO,2006: 12).

لە دەیەی 1980 و 1990، گەشەپێدانی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەستیان کرد بە داڕشتنی بەرنامەی پەروەردەیی و مەنهەجی فێرکردن لەم بارەیەوە(أحمد، 2015: 82).

بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئامانجە پەروەردەییەکان لە بواری پەروەردە و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، چەندین دەزگا، ڕێکخراو، لیژنە و کۆمسیۆنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوونیان هەیە، بۆ نموونە: ڕیکخراوی یونیسێفە(UNICEF) ، یونسکۆ(UNESCO) ، کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ(UNHRC) ، کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منال(UNCRC) ، کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ(UNHREC) . ئەم دەزگا و ڕێکخراوە سەرەکییانە کارەکانیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تایبەتە بە پەروەردە و ڕاهێنان لە بواری مافەکانی مرۆڤ تایبەت بە منداڵان و فێرخوازان، هەوڵ دەدەن بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو جیهان.

## 2-3- پرۆگرامە پەروەردەییەکان و پەیوەندییان بە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤەوە

پرۆگرامە پەروەردەییەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە دروستکردنی کەسایەتی فێرخواز و پەرەپێدانی تواناکانی. هەر بۆیە، زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگییەکی تایبەت بە داڕشتن و پەرەپێدانی پرۆگرامە پەروەردەییەکان و بابەتەکانی خوێندن دەدەن و بەردەوام هەوڵی نوێکردنەوە و گەشەپێدانیان دەدەن، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆجییەکانی سەردەم بگونجێن .

پرۆگرامە پەروەردەییەکان لە ڕێگای ڕێ و شوێنە جۆراوجۆرەکانیەوە ڕۆڵێکی گرنگ و بنەڕەتی دەبینێت لە گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ و بەهێزکردنی بەها مرۆییەکان و مافەکانی مرۆڤ. پرۆگرامی پەروەدەیی بە گشتی دابەشی دوو جۆر دەکرێت،کە بریتین لە: پرۆگرامی فەرمی و پرۆگرامی شاراوە. هەرچی پرۆگرامی فەرمییە، دەرفەت دەرەخسێنێت بۆ فێرکردنی بنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕێکخراو.لە لایەکی ترەوە، پرۆگرامی شاراوە . بۆ نموونە، کاتێک قوتابخانە کەشێکی دیموکراسی دەرەخسێنێت، فێرخوازان بە کردەوە فێری گرنگی بەشداری و مافی بڕیاردان دەبن (العبدالله، 2021: 178). هەر لەم بارەیەوە .

لە هەرێمی کوردستان- عێراقدا، بایەخپیدانی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە پرۆگرامە پەروەردەییەکاندا، هەر لە یەکەم کۆنگرەی پەروەردەییەوە دەرکەوت، یەکێك لە گرنگترین دروشمەکانی کۆنگرەکە بریتیبوو لە ( پابەندبوون بە بنەماکانی ژیانی دیموکراتی). پاشان لە کۆنگرەی دووەمدا ئاماژە بەوەدرا کە پێویستە بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت. بە شێوەیەکی واقیعی بەکارخستنی مافەکانی مرۆڤ وەك بابەتیکی خوێندن بناغەکەی دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی (2002)، سەرەتا وانەی مافی مرۆڤ وەك پرۆگرامیکی خوێندن جیبەجی کرا، پاشان بابەتی پەروەردەی مەدەنی ، لە ئیستاشدا لە چوارچیوەی پرۆگرامی (کارامەیی و بەها کۆمەلایەتییەکان) لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی

بنەرەتی و وانەی (مافی مرۆڤ ) لە قۆناغی خوێندنی ئامادەیی پۆلی دەیەم دەخویندرێن. (وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق،2025)

هەریەك لە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن، مامۆستا، خێزان و میتۆدە فێرکارییەکان، لەگرنگترین پێکهاتە ماددی و مرۆییەکانی جیبەجێکردنی پرۆگرامی پەروەردەیین، بۆیە گرنگە ڕۆڵیان لە گەشەپێدان و پەروەردەی مافەکانی مرۆڤدا بخەینەڕوو:

## 1- پەرتووك و بڕیارلێدراوەکانی خوێندن و پەیوەندی بە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ

پەرتووك و بڕیارلێدراوەکان خوێندن، ئەو پەرتووکەیە کە بۆ بەکارهێنان لە پۆلی خوێندندا دیزاینکراوە، زۆر بە بایەخ و گرنگیپێدانەوە لە لایەن پسپۆڕانەوە ئامادەکراوە، بە شێوەیەك لەگەڵ ئاست و توانای فێرخوازان و قۆناغەکانی خوێندندا بگونجێت ، ئەمەش لە پێناوی بە دیهاتنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان( ابراهیم، 2011: 171). ئەمەش لە ڕێگای چەندین ڕێ و شوێنەوە دەتوانن ئەم ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن: یەکەم، لە ڕێگەی گونجاندنی چیرۆک و نموونەی واقیعی کە بەها مرۆییەکان بەرجەستە دەکەن. دووەم، لە ڕێگەی دروستکردنی چالاکی و ڕاهێنان کە فێرخوازان هان دەدەن بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان. سێیەم، لە ڕێگەی ناساندنی مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ساکار و تێگەیشتنی ئاسان (حسيني، 2023: 78)، هەروەها، بڕیارلێدراوەکانی خوێندن دەتوانن یارمەتیدەر بن لە دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان کولتووره جیاوازەکان و تێگەیشتن لە جیاوازییە کولتورییەکان. ئەمەش لە ڕێگەی ناساندنی کولتوور و نەریتە جیاوازەکانی گەلانی جیهان و هاندانی فێرخوازان بۆ ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان (العامري ، 2023: 112).

## 2- پەیوەندی مامۆستا بە پەروەردە و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ

مامۆستا یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامە پەروەردەییەکان، چونکە ئەو کەسەیە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ فێرخوازان مامەڵە دەکات و بەرپرسیارە لە گەیاندنی ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکردن(محمد و الخطيب، 2019 : 37). ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چاندنی بەها کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان لە ناخی فێرخوازاندا بە پەیڕەوکردنی میتۆدی فێرکردنی چالاک و بەشدارییپێکردن( حمید، 2021: 89). لە ڕووی گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤەوە، مامۆستا دەتوانێت نموونەی زیندووی پراکتیزەکردنی مافەکانی مرۆڤ بێت لە پۆلدا، بە ڕەچاوکردنی جیاوازییەکان و دابینکردنی هەلی یەکسان بۆ هەموو فێرخوازان ، هەروەها دەتوانێت لە جێبەجێ کردنی چالاکی جۆراوجۆر و گفتوگۆی کراوەدا، هۆشیاری فێرخوازان بەرامبەر بە مافەکانیان و مافی کەسانیتر بەرز بکاتەوە ( الحسن، 2021: 234).

### 3- ڕۆڵی خێزان لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا

خێزان وەك هاوکاری قوتابخانە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە گەشەپێدانی چەمکەکانی مافی مرۆڤدا کە فێرخواز لە قوتابخانە فێریان دەبێت. ئەم ڕۆڵە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە خێزان دەتوانێت وانە تیۆرییەکان( ئەوەی لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا هاتوون) بکاتە هەڵسوکەوت و پراکتیکی ڕۆژانە لە ماڵەوە، ئەمەش لە ڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵان لەسەر بنەماکانی ڕێزگرتن، یەکسانی و گفتوگۆی بنیاتنەر (أحمد، ٢٠١٨: ٨٥). بەم شێوەیە، خێزان دەبێتە ژینگەیەکی کرداری و تەواوکەری قوتابخانە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان.

### 4- میتۆدە فێرکارییەکان و پەیوەندی بە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ

میتۆدە فیرکارییەکان و میتۆدەکانی وانەوتنەوە وەک یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن و کاریگەرییان هەیە لەسەر ئاستی تێگەیشتن و فێربوونی فێرخوازان. میتۆدی وانەوتنەوە هونەری بەکارهێنانی شێوازە پەروەردەییەکانە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاوی فێرکردن کە تێیدا فێرخواز دەتوانێت بە باشترین شێوە فێربێت و گەشە بە تواناکانی بدات(Anderson, 2023, 45) . میتۆدەکانی وانەوتنەوە خۆیان لە چەندین جۆر و شێوازدا دەبیننەوە ، وەك لەم بابەتەدا بە تەواوی دەیخەینەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### أ- میتۆدی فێربوونی چالاک(Active Learning Method)

لەم میتۆدەدا فێرخواز بەشداری چالاکانە دەکات لە پرۆسەی فێربووندا. ئەم میتۆدە کاریگەری ئەرێنی زۆری هەیە لەسەر فێربوونی فێرخوازان. لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی میتۆدەکەش بریتین لە: هاندانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، پەرەپێدانی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، بەهێزکردنی کاری گروپی و پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن، لەم میتۆدەدا فێرخوازان هاندەدرێن بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، پەرەپێدانی توانای چارەسەرکردنی کێشەکان، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە تێگەیشتن و داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ (علي، 2021: 138).

### ب-میتۆدی پرۆژە(Project Method)

میتۆدی پرۆژە یەکێکە لە کاریگەرترین میتۆدەکانی وانەوتنەوە کە فێرخوازان بەهۆیەوە دەتوانن تیۆری و پراکتیک پێکەوە گرێبدەن، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: پەرەپێدانی تواناکانی توێژینەوە، بەهێزکردنی کاری تیمی، پەرەپێدانی تواناکانی بەڕێوەبردنی کات و پێکەوەبەستنی زانستی تیۆریی بە ژیانی پراکتیکی . لەم میتۆدەدا دەکرێت فێرخوازان پرۆژەی توێژینەوە ئەنجام بدەن لەبارەی مافەکانی مرۆڤ، کە ئەمەش یارمەتیان دەدات لە تێگەیشتنی قووڵتر و پراکتیکی مافەکانی مرۆڤ (محمدی، 1401: 178).

### ج- میتۆدی گفتوگۆ(Discussion Method)

بریتییە لە دروستکردنی دیالۆگ و گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان مامۆستا و فێرخوازان. لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: پەرەپێدانی تواناکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، باشترکردنی تواناکانی گوێگرتن، بەهێزکردنی متمانە بەخۆبوون، فێربوونی ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز. ئەم میتۆدە دەتوانێت بواری باش بڕەخسێنێت بۆ گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها ڕێزگرتن لە بیروڕای جیاواز (محمدی، 1401: 125).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ح- میتۆدی تەکنەلۆژی (Technology-Based Method)**

لە سەردەمی دیجیتاڵدا، بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پرۆسەی فێرکردندا بووەتە پێویستییەکی حەتمی . تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی میتۆدەکە بریتین لە: بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان، بەکارهێنانی ڤیدیۆ و وێنە، هەڵسەنگاندنی ئۆنلاین. بەکارهێنانی پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان دەتوانێت یارمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی مافەکانی مرۆڤ بدات (Roberts, 2024, 167).

**خ- میتۆدی فێربوونی هاوکاری (Cooperative Learning Method)**

ئەم میتۆدە جەخت لەسەر کاری بەکۆمەڵ و فێربوونی هاوبەش دەکات، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتین لە: پەرەپێدانی تواناکانی پەیوەندیکردن، فێربوونی کاری تیمی، بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، باشترکردنی تواناکانی چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەم میتۆدە دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و فێربوونی کاری هاوبەش بدات سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ (احمد، 2022: 233).

**3-3-: بنەما نێودەوڵەتییەکانی گەشەپێدان و پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ**

گەشەپێدان و پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ بەشێکی سەرەکی و جەوهەرییە لە بواری پاراستن و پەرەپێدانی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤدا. لەم چوارچێوەیەدا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگای چەندین جاڕنامە و پەیماننامە و ڕێککەوتننامەی گرنگەوە هەوڵی داوە بۆ هۆشیارکردنەوەی مافەکانی مرۆڤ، لە گرنگترینیان:

**1- جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ 1948**: یەکەم هەنگاوی گرنگە لەبواری پاراستن و هۆشیارکردنەوەی مافەکانی مرۆڤدا ، سەبارەت بە پەروەردە و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ، جاڕنامەکە بەتایبەتی لە ماددەی 26 دا، جەخت لەسەر مافی پەروەردە بۆ هەموو کەسێک دەکاتەوە و پێداگری لەسەر ئەوە دەکات پەروەردە پێویستە بێبەرامبەر بێت، بەتایبەت لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

قۆناغە سەرەتاییەکاندا. هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە پەروەردە پێویستە ئامانجی گەشەپێدانی کەسایەتی مرۆڤ و بەهێزکردنی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بێت.

**2- پەیماننامەی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان 1966**: سەبارەت بە مافە پەروەردەییەکان، پەیماننامەکە لە ماددەی 13دا چەندین بڕگەی گرنگی لەخۆگرتووە. لەوانە، جەختکردنەوە لەسەر بێبەرامبەربوون و زۆرەملێبوونی خوێندنی سەرەتایی، لەگەڵ بەردەستبوونی خوێندنی ناوەندی و خوێندنی باڵا بۆ هەمووان، لەگەڵ گرنگیدان بە باشترکردنی بارودۆخی مامۆستایان

**3- ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ 1989:** ڕیککەوتننامەکە گرنگترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتییە سەبارەت بە منداڵان و مافەکانیان. لەبارەی مافە پەروەردەییەکانەوە، لە ماددەکانی 28 و 29 چوارچێوەیەکی فراوانتری بۆ پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ دانا. بەتایبەتی، جەختی لەسەر گرنگی گەشەپێدانی کەسایەتی و بەهرەی منداڵان کردەوە، لەگەڵ گرنگیدان بە ڕێزگرتن لە ناسنامەی کولتووری و زمانی خۆیان(المومني، 2017: 47)

**4- بەرنامەی گەردوونی پەروەردەی مافەکانی مرۆڤ2005-2019:** لەبەرگرنگی بەرنامەکە و نزیکی لە ئامانجەکانی توێژینەوەی ئێستاوە، بە پێویستی دەزانین زیاتر دەربارەی بخەینەڕوو، بەرنامەکە لە ساڵی2005 و لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە دەستی پێکردووە و بە سێ قۆناغ جێبەجێ کراوە، لە ساڵانی (2005-2009) و (2010- 2014) و (2015-2019) (OHCHR, 2020).

**5- جاڕنامەی گەردوونی پەروەردە و ڕاهێنانی مافەکانی مرۆڤ2011**: جاڕنامەی گەردوونی پەروەردە و ڕاهێنانی مافەکانی مرۆڤ *United Nations Declaration on Human Rights Education and Training*) ، لە 19 دیسەمبەری 2011 لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە (بڕیاری 66/137 پەسەند کرا، بەڵگەنامەیەکی گرنگە کە ئامانجی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەهێزکردنی تێگەیشتن و گرنگی مافەکانی مرۆڤە لە ڕێگەی پەروەردە و ڕاهێنانەوە. جاڕنامەکە لە 14 بەند و ماددە پێکهاتووە. هەر ماددەیەک تیشک دەخاتە سەر لایەنێکی جیاوازی پەروەردە و ڕاهێنان لە بواری مافەکانی مرۆڤدا. (United Nation.2011).

## باسی چوارەم: قۆناغی بنەڕەتی خوێندن و باکگراوندی مێژوویی و هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان

### 4-1- قۆناغی بنەڕەتی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان- عێراقدا

پاڵپشت بە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(13)ی ساڵی 2022، خوێندنی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان، یەکەم قۆناغی خوێندنە و ناچارییە، نۆ پۆلی خوێندن لەخۆدەگرێت. هەر منداڵێك تەمەنی لە(6-15)ساڵ بێت لەم قۆناغەی خوێندندا درێژە بە خوێندن دەدەن، بەڵام لەحاڵەتی نا ئاساییدا پێش تەواوکردنی تەمەنی (19) ساڵی پێویستە ئەم قۆناغە تێپەڕێنیت. ئەم قۆناغە لە سێ بازنەی خوێندن پێکدێت: بازنەی یەکەم، پۆلەکانی یەکەم، دووەم و سییەم لەخۆدەگرێت، لەم بازنەیەدا کارتی هەڵسەنگاندن بوونی هەیە، بەڵام دەرنەچوون بوونی نییە. بازنەی دووەم، پۆلەکانی چوارەم، پینجەم و شەشەم لەخۆدەگرێت، لەم بازنەیەدا کارتی تاقیکردنەوە و دەرنەچوون بوونی هەیە. بازنەی سێیەم، پۆلەکانی حەوتەم، هەشتەم و نۆیەم لەخۆدەگرێت، لەم بازنەیەشدا کارتی تاقیکردنەوە و دەرنەچوون بوونی هەیە (وەزارەتی پەروەردە، یاسای ژمار13 ،2023: 8-9). وەك لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا، کتێبی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان تایبەتە بە قۆناغی بنەڕەتی خوێندن و لەهەر نۆ پۆلەکەی خوێندنی بنەڕەتی دەخوێندرێت.

### 4-2- باکگراوندی مێژوویی و سەرهەڵدانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

دوای نەمانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس و ڕاپەڕینی ساڵی(1991) لە کوردستان، لەپاڵ هەموو کەرتەکانی تردا هەوڵدراوە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا بکرێت، لە هەنگاوی یەکەمدا دەستکرا بە لابردنی بیرۆکەی ڕژێمی بەعس کە هەموو پرۆسەکەی گرتبۆوە و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پەروەردەی خستبووە ژێر خزمەتی ئامانجەکانی خۆی. بەرمەبنای هەردوو کۆنگرەی پەروەردەیی لە(26-1993/10/27) و (12-2000/9/14) کە لە هەولێر بەستران ، بایەخدان بەچەمك و بەهاکانی مافی مرۆڤ لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دەردەکەوێت . سەرەتاکانی ئەم بایەخپێدانەش بە شێوەیەکی پراکتیکی دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی یەکەمی ساڵی (2000)، کە لە نێو پڕۆگرامەکانی پەروەردەی نیشتمانی، مافی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی دەخوێندرا. دوای ئەوەی لەلایەن بەشی زۆری سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردەییەوە تێبینیکرا، بوونی یەك بابەت و بەهەمان چەمك و ماناوە لە سێ پڕۆگرام و کتێبدا خۆی لەخۆیدا گرفتی زۆری دروستکردووە، هەربۆیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و بە تایبەت بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانەوە، بیر لەوە کرایەوە هەموو ئەو پڕۆگرام و بابەتانە لە دوتوێی یەك پەرتووکدا کۆبکرێتەوە. لەهەمان کات لەلایەن ڕیکخراوی یونیسێف **(UNICEF)** لە هەرێمی کوردستان، پێشنیازی ئەوە کرا کە لە ئێستادا لە جیهان گرنگی زۆر بە کارامەییەکانی ژیان دەدرێت و پێویستە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵبدات ئەم کارامەییانەی ژیان بخاتە نیو پڕۆگرمە پەروەردەییەکانەوە ( فتح الله،2025).

کەواتە یەکخستنی هەرسێ پڕۆگرامی هاونیشتیمانیبوون و مافەکانی مرۆڤ و پەروەردەی مەدەنی، هاوکات لەگەڵیشیدا پێشنیازی ڕێکخراوی یونیسێف بۆ خوێندنی کارامەییەکانی ژیان، هەوێنی دروستبوونی پڕۆگرامێکی نوێ بوو بە ناونیشانی ( کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان) لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان-عێراق دا (بەڵگەنامەی پڕۆگرام،2019: 4)

سەرهەڵدان و دروستبوونی پڕۆگرامەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (2018) و لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان ( فتح الله، 2025). پڕۆگرامەکە تایبەتە بە قۆناغی بنەڕەتی خوێندن و پێکهاتووە لە نۆ کتێب، بۆ هەموو پۆلەکانی ( یەکەم تا نۆیەم). پاش ئامادەکردنی پڕۆگرامەکە، بە شێوەی ئەزموونی بۆ ماوەی دوو ساڵ (2019-2020) بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا لە (200) قوتابخانە وەك ئەزموونی دەخوێندرا( وەزارەتی پەروەردە، 2019). خول

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی ئەو قوتابخانانە کرایەوە. بۆ ساڵی خوێندنی(2020- 2021 )پڕۆگرامەکە بە تەواوی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە و لەهەموو قوتابخانەکان دەستکرا بە خوێندنی ( حمد، 2025).

لە خاڵە بە هێزەکانی پڕۆگرامەکە ئەوەیە، لە سەربنەمای چوارچێوەیەکی گشتی(دەستور)ێك داڕێژراوە بە ناونیشانی ( بەڵگەنامەی پڕۆگرام) لەساڵی(2018)، لەلایەن دە شارەزا و پسپۆڕی کۆمەڵایەتییەوە دانراوە ، کە وورد و درشتی دروستبوون، ناوەڕۆك، بنەماکان، ئامانج، پێوەر و هەنگاوەکانی پڕۆگرامی تیادا خراوەتەڕوو، هەروەها خاڵێکیتریش بوونی (ڕێبەری مامۆستا)یە لە ساڵی(2019)، کە ڕێبەرەکە بۆ هەر یەکێك لە پەرتووکەکان ئامادەکراوە و جگە لە خستنەڕووی تەوەر و بابەتەکانی پڕۆگرامەکە، کۆمەڵێك زانیاری تیۆری و هەنگاوە کردارییەکانی لەخۆگرتووە بۆ هەر بابەتێك.

**3-4- پێکهاتە، هەڵسەنگاندن و شیکاریی پڕۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا**

پڕۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی وەک بەڵگەنامەیەکی پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕووی پێکهاتەی فیزیکی و ناوەڕۆکی بابەتەکانەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە کە شایەنی لێتوێژینەوە و شیکردنەوەیە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بە وردی تیشک بخاتە سەر ئەم لایەنانە، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی گونجاوی و کاریگەری پڕۆگرامەکە لەسەر گەشەپێدانی چەمك و بەهاکانی مافی مرۆڤ و کارامەییەکان لای فێرخوازان، بۆیە ئەم تەوەرە تایبەتکراوە بە شیکارکردن و هەلسەنگاندنی تەواوی پێکهاتە و ناوەڕۆکی پڕۆگرامەکە لەهەموو لایەنەکانەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1-3-4-پێکهاتەی پرۆگرام

### أ- پێکهاتەی دەرەکی

پرۆگرامی" کارامەیی و بەهاکۆمەڵایەتییەکان" لە (109) لاپەڕەی( ژمارەکراو) و (130) لاپەڕەی گشتی پێکدێت و قەبارەی لاپەڕەکانی(A4) ە. پرۆگرامەکە، جگە لە پێشەکی، پێڕستی ناوەڕۆک و دەرهاویشتە و ئامانجە گشتییەکانیش لەخۆدەگرێت. بە شێوەیەکی سەرەکی لە چوار بەشی بنەڕەتی پێکدێت :یەکەم: هاووڵاتیبوون (ناسنامە)، دووەم: مافەکان (مافەکانم)، سێیەم: کارامەییەکان (کارامەیی تەندروستی) و چوارەم: بەهاکان (بەهای کەسی)، هەریەکەیان کۆمەڵێک یەکەی لاوەکی لەخۆدەگرێت.

## ب- پێکهاتەی ناوەڕۆک

**بەشی یەکەم: هاووڵاتیبوون (ناسنامە)**، لە (٣١) لاپەڕە پێکدێت (ل١٠-٤١) و پێنج یەکەی سەرەکی (من، من و خێزانەکەم، من و دەوروبەرەکەم، من و قوتابخانەکەم، من و کۆمەڵگەکەم) لەخۆدەگرێت. ئەم بەشە (١١) دەرهاویشتەی فێربوون و (٨) ئامانجی فێربوونی دیاریکراوی هەیە. بابەتەکانی ئەم بەشە لە ڕێگەی دەستەواژەکانی "چەند وشەیەک بۆ فێربوون، بیرکردنەوە، چالاکی، چالاکی ئاخاوتن، چالاکی تێڕوانین، گفتوگۆکردن، ڕاهێنان، ئەرکی ماڵەوە" خراونەتەڕوو. لەم بەشەدا (٢٩) وێنە بەکارهاتووە و ڕەنگی زاڵی لاپەڕە و چوارچێوەکەی شینی کاڵە. بەشی دووەم: مافەکان (مافەکانم)، لە (٢٥) لاپەڕە پێکدێت (ل٤٢-٦٧) و چوار یەکەی سەرەکی (مافەکانم، مافی خوێندن، قوتابخانە جێگەی هەمووانە، مافی پەروەردە و فێرکردن) لەخۆدەگرێت. ئەم بەشە (٤) دەرهاویشتەی فێربوون و (٦) ئامانجی فێربوونی هەیە. میتۆدەکانی پێشکەشکردنی بابەت بریتین لە: ناساندن، چەند وشەیەک بۆ فێربوون، بیرکردنەوە، چالاکی بە گروپ، ڕاهێنان، خەیاڵکردنەوە، سوود لەم وشانە بینە، چەند دەستەواژەیەک بۆ فێربوون، پرسیارکردن، پرۆژە، گفتوگۆ، ئەرکی ماڵەوە. لەم بەشەدا (٢٧) وێنە بەکارهاتووە و ڕەنگی زاڵی لاپەڕە و چوارچێوەکەی پرتەقاڵییە. بەشی سێیەم: کارامەییەکان (کارامەیی تەندروستی)، لە (١٨) لاپەڕە پێکدێت (ل٦٨-٨٤) و چوار یەکەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەکی (پاک و خاوێنی، چاودێری تەندروستی، خۆراکی تەندروست، خۆپاراستن) لەخۆدەگرێت. ئەم بەشە (٤) دەرهاویشتەی فێربوون و (٥) ئامانجی فێربوونی هەیە. میتۆدەکانی پێشکەشکردن بریتین لە: ناساندن، هەڵبژاردن، چالاکی، ڕاهێنان، بیرکردنەوە، ئەرکی ماڵەوە، چەند وشەیەک بۆ فێربوون، چالاکی ناوپۆل، پرسیار. لەم بەشەدا (٢٢) وێنە بەکارهاتووە و ڕەنگی زاڵی لاپەڕە و چوارچێوەکەی پەمەیی تۆخە. بەشی چوارەم: بەهاکان (بەهای کەسی)، لە (٢٤) لاپەڕە پێکدێت (ل٨٥-١٠٩) و چوار یەکەی سەرەکی (ڕاستگۆیی، سۆز و خۆشەویستی، دەستپاکی، دڵسۆزی) لەخۆدەگرێت. ئەم بەشە (٦) دەرهاویشتەی فێربوون و (١٠) ئامانجی فێربوونی هەیە، کە زۆرترین ژمارەی ئامانجە بە بەراورد بە بەشەکانیتر. میتۆدەکانی پێشکەشکردنی بابەت زۆر هەمەچەشنن و بریتین لە: "ناساندن، چیرۆک، چالاکی بە گروپ، هەڵبژاردن، چەند وشەیەک بۆ فێربوون، چالاکی، گفتوگۆکردن، پرۆژە، دەستەواژەکان، بیرکردنەوە، کردار، ڕاهێنان، کاری گروپ، بیرهێنانەوە، ئەرکی ماڵەوە". لەم بەشەدا (٢٦) وێنە بەکارهاتووە و ڕەنگی زاڵی لاپەڕە و چوارچێوەکەی سەوزە.

جگە لە بەش و تەوەرە سەرەکییەکان، یەکە و چالاکییەکان، کتێبەکە چەندین پەیامی پەروەردەیی تایبەتیشی لەخۆگرتووە کە لە شێوەی وێنە و پۆستەر یان لاپەڕەی سەربەخۆدا خراونەتەڕوو. ئەمانە بریتین لە: هۆشیاری هاتووچۆ (ناساندنی هێماکان و ڕێساکان)، پەیامی ژینگەیی (گرنگی پاراستنی ئاو و ژینگە)، سوودەکانی خوێندنەوە (هاندان بۆ خۆشویستنی کتێب)، ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (ناساندنی کێشە جیهانییەکان وەک نەهێشتنی هەژاری) و پەیامی نەتەوەیی و نیشتمانی (وەک وێنەی نەخشەی کوردستان و دروشمی ئاشتی). ئەم پەیامانە چ بە شێوەی نووسین و چ بە شێوەی وێنەیی خراونەتەڕوو، کە یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنیان بە منداڵان.

### 2-3-4- هەڵسەنگاندن و شیکاریی پرۆگرامەکە

توێژینەوەکە لەم تەوەرەدا بە شێوەیەکی تایبەت جەخت دەکاتە سەر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی پێکهاتەی دەرەکی و ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە، بە پشتبەستن بە بنەما تیۆرییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و بۆچوونی پسپۆرانی بواری پەروەردە و پرۆگرام، ئەمەش بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤ و کارامەییەکان لای منداڵان.

### أ- گونجاوی قەبارە و دیزاینی فیزیکی کتێبەکە بۆ منداڵی ٦-٧ ساڵان

کتێبێک بە قەبارەی(130) لاپەڕە و ژمارەیەکی زۆر لە وێنە، بۆ منداڵێکی تەمەن( ٦-٧) ساڵان، چەند لایەنێکی ئەرێنی و نەرێنی(بوارەکانی باشتربوون)ی هەیە:

❖ **لایەنە ئەرێنییەکان:**

- **قەبارە و ژمارەی لاپەڕە:** پرۆگرامەکە لە (109) لاپەڕەی( ژمارەکراو) و (130) لاپەڕەی گشتی پێکدێت، ئەمەش دەرفەت دەدات بۆ خستنەڕووی بابەتی هەمەچەشن و چالاکی جۆراوجۆر، کە ڕێگری دەکات لە بێزاربوونی منداڵ. قەبارەی لاپەڕەکانی(A4) ە، کە قەبارەیەکی گونجاوە بۆ کتێبی خوێندنی منداڵان.
- **قەبارەی فۆنت:** قەبارەی فۆنتی بەکارهاتوو لە نووسینی تێکستەکاندا گەورە و ڕوونە، ئەمەش خوێندنەوەی بۆ منداڵانی پۆلی یەکەم ئاسانتر دەکات و لەگەڵ توانای بینینیاندا دەگونجێت.
- **سەرنجڕاکێشی بینراو :**ژمارەی زۆری وێنە کە (104)یە و ڕەنگاوڕەنگی کتێبەکە و وەک پێشتر باسمان کرد، یارمەتیدەرە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ و هاندانی بۆ کردنەوە و خوێندنەوەی کتێبەکە. ئەمە زۆر گرنگە بۆ منداڵێک کە تازە دەست بە خوێندن دەکات. وێنەکان یارمەتی ڕوونکردنەوەی چەمکەکان دەدەن و قورسایی دەقی نووسراو کەم دەکەنەوە.

❖ **لایەنە نەرێنییەکان یان بوارەکان بۆ باشترکردن:**

- **کێش و قورسایی** :کتێبێکی 130 لاپەڕەیی لەوانەیە لە ڕووی کێشەوە هەندێک قورس بێت بۆ منداڵێکی پۆلی یەکەم کە ڕۆژانە لە جانتاکەیدا هەڵیبگرێت، بەتایبەت ئەگەر کتێبەکانی تریشی قورس بن. ئەمە دەتوانێت کاریگەری لەسەر حەزی منداڵ بۆ بردنی کتێب بۆ قوتابخانە هەبێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- **زۆریی زانیاری (Information Overload):** هەرچەندە هەمەچەشنی باشە، بەڵام ئەگەر بڕێکی زۆر لە چەمک و چالاکی لە ماوەیەکی کورتدا پێشکەش بکرێت، لەوانەیە ببێتە هۆی سەرلێشێواوی یان ماندووبوونی هزری منداڵ. پێویستە دڵنیابین لەوەی کە کاتی پێویست بۆ هەر یەکە و چالاکییەک تەرخانکراوە.
- **تێچووی چاپکردن:** کتێبێکی ڕەنگاوڕەنگ و قەبارە گەورە، تێچووی چاپکردنی زیاترە، بە گشتی، دیزاینی بینراو و هەمەچەشنی ناوەڕۆک خاڵی بەهێزن، بەڵام پێویستە ڕەچاوی لایەنی پراکتیکی وەک قورسایی کتێبەکە و توانای هەرسکردنی زانیارییەکان لەلایەن منداڵەوە بکرێت. لەوانەیە دابەشکردنی ناوەڕۆکەکە بۆ دوو بەرگی تەنکتر، یان بەکارهێنانی کاغەزی سووکتر، چارەسەرێکی گونجاو بێت بۆ کەمکردنەوەی قورسایی فیزیکی کتێبەکە.

**ب- شیکاری و هەڵسەنگاندنی یەکەکان( چەمك و بەهاکان) (Units/Lesson Titles)**

پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" کۆمەڵێک یەکەی هەمەچەشنی لەخۆگرتووە کە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت دابەش بکرێن بۆ چوار تەوەرەی سەرەکی: هاووڵاتیبوون، مافەکان، کارامەییەکان و بەهاکان. یەکەکان وەک "من"، "من و خێزانەکەم"، "من و قوتابخانەکەم"، "مافەکانم"، "مافی خوێندن"، "پاکوخاوێنی"، "ڕاستگۆیی" و "سۆز و خۆشەویستی"، ناونیشانی ڕوون و ڕاستەوخۆیان هەیە کە ئاسانن بۆ تێگەیشتن لەلایەن منداڵی پۆلی یەکەمەوە. ئەم یەکانە بە شێوەیەکی پلەبەند و لۆژیکی ڕێکخراون؛ بۆ نموونە، لە تەوەری هاووڵاتیبووندا، لە ناسینی "من"ەوە دەست پێدەکات و وردە وردە بازنەکە فراوان دەبێت بۆ خێزان، قوتابخانە و کۆمەڵگە. ئەم شێوازە ڕێکخستنە لەگەڵ بنەمای "پەیوەندی نێوان قوتابخانە و ژیان"ی تیۆرەکەی دیوی یەکدەگرێتەوە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ناوەڕۆکی فێرکاری دەبێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی ڕۆژانەی فێرخوازان و ئەزموونە ڕاستەقینەکانیانەوە هەبێت (الخالدي، 2018: 89) . لە ڕوانگەی گەشەپێدانی مافی مرۆڤەوە، ئەم یەکانە ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن، یەکەکانی تەوەری "هاووڵاتیبوون" بناغەی مافی ناسنامە و هەستی ئینتیما دادەنێن. یەکەکانی تەوەری "مافەکان" ڕاستەوخۆ منداڵ ئاشنا دەکەن بە مافە سەرەکییەکانی وەک مافی خوێندن، مافی یەکسانی و مافی پاراستن . یەکەکانی تەوەری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"کارامەییەکان" پەیوەستن بە مافی تەندروستی و سەلامەتی. یەکەکانی تەوەری "بەهاکان" یارمەتیدەرن بۆ چەسپاندنی ئەو بەها ئەخلاقیانەی کە پێویستن بۆ ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ. پسپۆڕانی بواری پڕۆگرام ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەم تەوەرانە (هاووڵاتیبوون، مافەکان، کارامەییەکان، بەهاکان) لەسەر پێشنیازی ڕێکخراوی یونیسێف خراونەتە ناو پڕۆگرامەکەوە بۆ ئەوەی بابەتەکان یەکبخرێن و گشتگیرتر بن. گونجاوی ئەم یەکانە لەگەڵ تەمەنی منداڵدا لەوەدایە کە لە چەمکە سادە و ناسراوەکانەوە دەست پێدەکەن و وردە وردە چەمکە نوێیەکان دەخەنەڕوو(حمد،2025)

## ت- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "چالاکییەکان" (Activity/Task)

چالاکییەکان بڕبڕەی پشتی پڕۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" پێکدەهێنن و بەشێکی زۆر گەورە و زیندووی ناوەڕۆکەکەی داگیرکردووە. ئەم گرنگیدانە بە چالاکی کرداری، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی فەلسەفەی "فێربوون لە ڕێگای کردارەوە (Learning by Doing)"ی جۆن دیوییە ، دیوی پێیوابوو کە منداڵ تەنها بە گوێگرتن و لەبەرکردن فێرنابێت، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی چالاکانە بەشداری بکات لە پرۆسەی فێربووندا و ئەزموونی ڕاستەوخۆی هەبێت.(Dewey, 2018: 145). پڕۆگرامەکە هەوڵیداوە شێوازی کلاسیکی تێپەڕێنێت و زیاتر بوار بە خودی منداڵ بدرێت (حمد،2025). چالاکییەکانی ناو پڕۆگرامەکە، وەک "کارتی ناسنامە دروستکردن"، "دیاریکردنی ڕۆژی پاککردنەوەی پۆل"، "ڕەنگکردنی وێنەی نەتەوە جیاوازەکان" و "هەڵبژاردنی ڕەفتاری شیاو"، منداڵ دەکەنە ئەکتەری سەرەکی و ناوەندی پرۆسەی فێربوون، نەک تەنها وەرگرێکی ناکارا. ئەم چالاکییانە یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ ئەوەی چەمکە تیۆرییەکان و بەها ئەخلاقییەکان بە شێوەیەکی کرداری تاقیبکاتەوە و لە ژیانی ڕۆژانەیدا پراکتیزەیان بکات. لە ڕوانگەی گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤەوە، چالاکییەکان ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕن. بۆ نموونە، چالاکیی "دیاریکردنی ڕۆژی پاککردنەوەی پۆل" یان "دروستکردنی گروپی دۆستی ژینگە پارێز"، نەک هەر کارامەیی هاوکاری و کاری بەکۆمەڵ فێری منداڵان دەکات، بەڵکو هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژینگە و مافی ژینگەیەکی پاک و تەندروست لە ناخیاندا دەچێنێت. کاتێک منداڵ بە کردەوە بەشداری دەکات لە پاکڕاگرتنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژینگەکەیدا، زیاتر هەست بە بەهای ئەو ژینگە پاکە دەکات و لە داهاتوودا دەبێتە پارێزەرێکی چالاکی. هەروەها، چالاکیی "هەڵبژاردنی ڕەفتاری شیاو لە قوتابخانە" یان "نیشانەی ڕاست و هەڵە دانان بەرامبەر ڕەفتاری گونجاو"، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ئەخلاقی و جیاکردنەوەی ڕەفتاری شیاو و باش لە نەشیاو و خراپ، کە ئەمەش بناغەیە بۆ ڕێزگرتن لە مافی ئەوانیتر. گونجاوی ئەم چالاکییانە لەگەڵ تەمەنی منداڵی پۆلی یەکەمدا لە سادەیی، کرداریبوون، و چێژبەخشیاندایە. زۆربەی چالاکییەکان پشت بە وێنە و ڕەنگ دەبەستن و داوای کارێکی سادە و ڕوون لە منداڵ دەکەن.

### ت- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "ڕاهێنانەکان" (Exercise/Practice)

پرۆگرامەکە گرنگییەکی زۆری بە ڕاهێنانەکان داوە و ژمارەیەکی بەرچاوی ڕاهێنانی جۆراوجۆری لەخۆگرتووە. ڕاهێنانەکان، وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، دەرفەت بۆ منداڵ دەڕەخسێنن بۆ چەسپاندنی زیاتری ئەو زانیاری و چەمکانەی کە فێریان بووە، هەروەها بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکانیان لە بوارە جیاوازەکاندا. لە ڕوانگەی تیۆری پێشکەوتنخوازی جۆن دیوی، فێربوون پرۆسەیەکی بەردەوامە و پێویستی بە دووبارەکردنەوە و پراکتیزەکردن هەیە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لە ئەزموونی تاک(Dewey, 1938: 60-65). ڕاهێنانی وەک "دوو لە حەزەکانت لە خوارەوە بڵێ یان بنووسە" یان "ئەوانەی شایەنی خۆشەویستی و ڕێزگرتنن ناو بازنەکەی ڕەنگ بکە"، هانی ڕادەربڕین، بیرکردنەوەی تاکەکەسی و جیاکردنەوەی بەهاکان دەدەن. ڕاهێنانی "دروستکردنی گروپی دۆستی ژینگە پاریز" (کە هەندێکجار وەک چالاکیش پۆلێنکراوە)، کارامەیی کاری بەکۆمەڵ و هەستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی پەرەپێدەدات. یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ڕاهێنانەکان لەم پرۆگرامەدا، هەوڵدانە بۆ بەستنەوەی فێربوونی قوتابخانە بە ژیانی ماڵەوە و ڕۆڵی خێزان. ڕاهێنانی وەک "لەماڵەوە هەوڵدەدەم لەگەڵ دایك و باوکم باسی مافەکانی منداڵان بکەین" یان "لەگەڵ خێزانەکەمدا باسی بنەمای دەستپاکی دەکەین"، ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی فێربوون و چەسپاندنی بەهاکاندا چالاک دەکات. ئەمە لەگەڵ دیدگای دیوی دەربارەی گرنگی "پەیوەندی نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگە" (کە خێزان یەکەم یەکەیەتی) تەواو یەکدەگرێتەوە(Dewey, 1916: 20-25). ئەم جۆرە ڕاهێنانانە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ماف و بەهاکان تەنها وەک بابەتێکی قوتابخانە سەیر نەکرێن، بەڵکو ببنە بەشێک لە گفتوگۆ و ژیانی ڕۆژانەی منداڵ لەناو خێزانەکەشیدا، ئەمەش یارمەتی گەشەپێدانی هۆشیاری مافی مرۆڤ لای هەموو ئەندامانی خێزان دەدات.

### ج- شیکاری و هەڵسەنگاندنی " پرۆژەکان"(Project)

پرۆژەکان لە پرۆگرامەکەدا، هەرچەندە لەوانەیە لە ئاستێکی سادە و سەرەتاییدابن بۆ منداڵانی پۆلی یەکەم، بەڵام نوێنەرایەتی میتۆدێکی فێرکاریی زۆر گرنگ و کاریگەر دەکەن کە بریتییە لە "میتۆدی پرۆژە(Project Method) ". جۆن دیوی بە یەکێک لە داکۆکیکارە سەرەکییەکانی ئەم میتۆدە دادەنرێت و پێیوابوو کە پرۆژەکان دەرفەت بۆ فێرخوازان دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چالاکانە و بەکۆمەڵ کار لەسەر کێشەیەکی واقعی یان بابەتێکی مانادار بکەن و لە ڕێگەی ئەزموونی ڕاستەوخۆوە فێرببن (Anderson, 2021: 24) . پرۆژەکانی نێو پرۆگرامەکە هەوڵدەدات تاکێکی بەهێز دروستبکات کە بتوانێت خۆی بسەلمێنێت، بەشداریکردن لە پرۆژەکاندا یەکێکە لە ڕێگاکانی بنیادنانی ئەم متمانە بەخۆبوون و توانای سەلماندنی خودە(فتح الله،2025). پرۆژەکانی وەک "بەهاوکاریی مامۆستا لەگەڵ هاوپۆلەکانم گفتوگۆی ئەوە دەکەین قوتابخانە جێگەی هەموو جیاوازییەکان دەبێتەوە و خاڵەکان دەنوسینەوە" یان "کارکردن بە گروپ: 'پەروەردە و فێرکردن مافی هەمووانە' ئەمە لە پۆلدا بە هاوکاریی مامۆستا ڕاڤەدەکەین" یان "بەرنامەدانان بۆ هاوکاری خاوەنپێداویستی تایبەت"، چەندین ئامانجی پەروەردەیی و مافپەروەرانە دەپێکن: **یەکەم**، هانی کاری بەکۆمەڵ، دابەشکردنی ئەرک، گوێگرتن لە بیروڕای جیاواز و گەیشتن بە بڕیاری هاوبەش دەدەن، کە هەمووی کارامەیی بنەڕەتین بۆ ژیانی دیموکراتیانە، وەک دیوی جەختی لێدەکاتەوە (الجابری، 2017: 212). دووەم، هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشە دەدەن. **سێیەم**، دەرفەت بۆ منداڵان دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کرداری بەشدارییکەن لە باشترکردنی ژینگەی دەوروبەریان (جا چ ژینگەی فیزیکی بێت یان کۆمەڵایەتی) و هەست بە کاریگەری خۆیان بکەن. **چوارەم**، یارمەتی تێگەیشتنی قووڵتریان دەدات لە چەمکەکانی وەک مافی خوێندن بۆ هەمووان، یەکسانی، پێکەوەژیان، و هاوکاری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## ح- شیکاری و هەڵسەنگاندنی " گفتوگۆکردن" (Discussion)

گرنگییەکی زۆر و بەرچاو بە میتۆدی گفتوگۆکردن دراوە لەم پرۆگرامەدا، کە ئەمەش یەکێکە لە خاڵە هەرە پۆزەتیف و هاوچەرخەکان. گفتوگۆکان لە پرۆگرامەکەدا منداڵ فێری دایەلۆگ، ئاخاوتن، گفتوگۆ، هاوکاری و بیرورا گۆڕینەوە دەکات(حمد،2025). بۆ نموونە، گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستا، هاوپۆلەکان و تەنانەت ئەندامانی خێزانیش (لە ڕێگەی ئەرکی ماڵەوە)، هانی "پەروەردەی ڕەخنەیی (Critical Education) "و پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ و شیکردنەوە لای منداڵان دەدات. هەروەك چۆن جۆن دیوی ئامانجی سەرەکی پەروەردەی بە پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی زانستی و ڕەخنەگرانە دادەنا، و گفتوگۆی کراوە و ئاراستەکراو یەکێکە لە باشترین ڕێگاکان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە (Simpson and Stack, 2017: 145). دروستکردنی "کەشی دیموکراسی" لە پۆلدا، کە تێیدا منداڵان هەست بە ئازادی و متمانە دەکەن بۆ دەربڕینی بیرورای خۆیان بەبێ ترس لە هەڵەکردن یان ڕەخنەگرتن، یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی سەرکەوتنی ئەم میتۆدە و لە ڕێکارە گرنگەکانی جێبەجێکردنی تیۆرییەکەی دیویە لە پراکتیکدا (الحمداني، 2021: 189). گفتوگۆکردن دەربارەی مافەکان بۆ نموونە، "لەگەڵ مامۆستاکەم گفتوگۆ لەسەر مافەکانمان دەکەین"، شوێنە گشتییەکان، یان بنەماکانی ڕەفتاری شیاو لەناو پۆل و قوتابخانەدا، یارمەتی منداڵ دەدات بۆ ئەوەی نەک هەر زانیاری وەربگرێت، بەڵکو لە ڕوانگە جیاوازەکانەوە لە بابەتەکان تێبگات، گوێ لە بیرورای ئەوانی تر بگرێت و فێری چۆنییەتی بنیادنانی گفتوگۆیەکی بنیاتنەرانە ببێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ یارمەتی گەشەپێدانی تێگەیشتنیان دەدات لە مافی ئازادیی بیرورا دەربڕین، مافی بەشداریکردن.

## خ- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "چالاکی ئاخاوتن/ گوتن" (Speaking/Saying)

چالاکییەکان لە پرۆگرامەکەدا هەرچەندە لەوانەیە سادە دەربکەون، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە پەرەپێدانی توانای زمانەوانی، ڕادەربڕین و متمانە بەخۆبوونی منداڵدا. کاتێک منداڵ هاندەدرێت بۆ ئەوەی بە زارەکی هەست و بیرکردنەوە و زانیارییەکانی خۆی دەرببڕێت، وەک لە چالاکی "مامۆستا بە هەمووان دەڵێت 'من بەختەوەرم، چونکە خێزانەکەم خۆشدەوێت''

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یان "دەڵێم یان دەنووسم، دەخوێنم بۆ ئەوەی ببم بە..." کە تێیدا منداڵ ئاوات و پیشەی داهاتووی خۆی دەردەبڕێت، نەک هەر کارامەیی ئاخاوتنی بەهێز دەبێت، بەڵکو فێری ئەوەش دەبێت کە بیروڕا و هەستەکانی بەهایان هەیە و شایەنی گوێگرتنن. ئەمەش لەگەڵ بنەمای "گەشەی هەمەلایەنەی کەسایەتی" لە تیۆرییەکەی دیویدا دەگونجێت، کە جەخت لەسەر گرنگی پەرەپێدانی هەموو لایەنەکانی کەسایەتی منداڵ دەکاتەوە، نەک تەنها لایەنی عەقڵی (الشمري، 2023: 178). لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، هاندانی منداڵ بۆ ئاخاوتن و دەربڕینی خود، بناغەیەکە بۆ پراکتیزەکردنی مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین. کاتێک منداڵ لە پۆلێکی پڕ لە متمانە و هاندەردا هەست بە ئاسوودەیی دەکات بۆ قسەکردن، ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە تاکێکی بوێر و خاوەن هەڵوێست کە بتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و بەرگری لە بیروباوەڕەکانی بکات. هەروەها، گوێگرتنی مامۆستا و هاوپۆلەکان لە قسەکانی، هەستی بەهاداربوون و ڕێزگرتنی لای منداڵ دروست دەکات.

**د- شیکاری و هەڵسەنگاندنی " چیرۆکەکان" (Story)**

چیرۆک وەک ئامرازێکی پەروەردەیی کاریگەر لە پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان"دا بەکارهاتووە، هەرچەندە ڕەنگە ژمارەی چیرۆکە ڕاستەوخۆکان کەم بێت، وەک (چیرۆکی "ئالا و سارا" دەربارەی ڕاستگۆیی) کە تەنها یەك چیرۆکە، بەڵام ڕۆحی گێڕانەوە و شێوازی چیرۆکئامێز لە زۆربەی یەکە و چالاکییەکاندا هەستی پێدەکرێت. جۆن دیوی گرنگییەکی زۆری بە "ئەزموون" دەدا و چیرۆک دەتوانێت ببێتە پردێک بۆ گواستنەوەی ئەزموونی ئەوانی تر و فێربوون لێیان، تەنانەت ئەگەر منداڵ خۆی ڕاستەوخۆ لەو ئەزموونەش نەژیابێت(Dewey, 1938: 80-85). میتۆدی چیرۆککگێڕانەوە لەگەڵ تەمەنی منداڵی پۆلی یەکەمدا زۆر گونجاوە، چونکە سەرنجیان ڕادەکێشێت و یارمەتیان دەدات بۆ تێگەیشتن لە پەیامە پەروەردەییەکان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ و چێژبەخش( حمد،2025). چیرۆکەکان دەتوانێت چەمکە ئەبستراکتەکانی وەک ڕاستگۆیی، دڵسۆزی یان هاوکاری بکەنە شتێکی کۆنکرێتی و پەیوەندیدار بە ژیانی منداڵەوە. لە ڕوانگەی گەشەپێدانی مافی مرۆڤەوە، چیرۆک دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ چاندنی تۆوی هاوسۆزی و تێگەیشتن لە دۆخی ئەوانی تر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ نموونە، چیرۆکێک دەربارەی منداڵێک کە لە مافی خوێندن بێبەشە، یان منداڵێک کە ڕووبەڕووی جیاکاری دەبێتەوە، دەتوانێت هەستی دادپەروەری و بەرگریکردن لە مافی ئەوانی تر لای منداڵ بجوڵێنێت. هەرچەندە پرۆگرامەکە ڕاستەوخۆ چیرۆکی لەم شێوەیەی تێدا نییە، بەڵام میتۆدی چیرۆکگێڕانەوە لەلایەن مامۆستاوە دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێت.

## ذ- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "پرسیارکردن" (Questioning)

پرسیارکردن وەک یەکێک لە میتۆدە سەرەکییەکانی فێربوونی چالاک و پەرەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، لە چەندین شوێنی پرۆگرامەکەدا بەکارهاتووە. پرسیارەکانی وەک "بۆچی هەندێك منداڵ لە خوێندن بێبەشن و کار دەکەن؟" یان "لەدایك و باوکت بپرسە پێکەوەژیان چی دەگەیەنێت؟" تەنها بۆ وەرگرتنی وەڵامێکی سادە نین، بەڵکو ئامانجیان وروژاندنی هزری منداڵ و هاندانیەتی بۆ بیرکردنەوەی قووڵتر و گفتوگۆکردن. ئەم شێوازە لەگەڵ بنەمای "پەروەردەی ڕەخنەیی(Critical Education) "ی دیوی یەکدەگرێتەوە، کە پێی وایە ئامانجی سەرەکی پەروەردە پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی زانستی و ڕەخنەگرانەیە(Simpson and Stack, 2017: 145) . لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، پرسیارکردن دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە نادادپەروەری و هۆکارەکانی. کاتێک منداڵ پرسیار دەکات دەربارەی بێبەشبوونی هەندێک منداڵ لە خوێندن، ئەمە دەتوانێت ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێتە بەرگریکارێک لە مافی خوێندن بۆ هەمووان .هەروەها، پرسیارکردن لە خێزان دەربارەی چەمکە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی خێزان لە پرۆسەی فێربووندا چالاک دەکات. لەم پرۆگرامەدا مامۆستایان بابەتەکانیان بە شێوەی پرسیار و وەڵام دەخەنەروو، کە ئەمەش گرنگی ئەم میتۆدە دەردەخات، هەرچەندە دەبێت دڵنیابین لەوەی کە پرسیارەکان کراوە بن و هاندەری بیرکردنەوەی جیاواز بن، نەک تەنها پرسیاری داخراو کە یەک وەڵامی دیاریکراویان هەبێت.

## ر- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "چالاکی گروپ/بەکۆمەڵ" (Group Activity)

جەختکردنەوە لەسەر چالاکی گروپ و کاری بەکۆمەڵ یەکێکە لە خاڵە بەهێزەکانی پرۆگرامەکە و تەواو لەگەڵ بنەمای "فێربوونی کۆمەڵایەتی(Social Learning) "ی دیوی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکدەگرێتەوە. دیوی پێیوایە کە قوتابخانە دەبێت "کۆمەڵگایەکی بچووک" بێت کە منداڵان تێیدا فێری کارلێکی کۆمەڵایەتی و هاوکاری دەبن(Anderson, 2021: 24) . چالاکییەکانی وەک "دروستکردنی گروپی دۆستی ژینگەپارێز" یان "مافی خۆمانە لەگەڵ هاورێکانم تیپی تۆپی پێ دروست بکەین" یان "کاری گروپ: هەنگاوەکانی خاوێنکردنەوەی پۆل"، نەک هەر کارامەیی تایبەت بە بابەتەکە (وەک ژینگەپارێزی یان وەرزش) فێری منداڵان دەکەن، بەڵکو کارامەیی کۆمەڵایەتی گرنگ وەک هاوکاری، دابەشکردنی ئەرک، گوێگرتن لە یەکتری، چارەسەرکردنی کێشەی بەکۆمەڵ و گەیشتن بە ئامانجی هاوبەشیشیان لا گەشەپێدەدەن. چالاکی لەگەڵ هاورێیانی قوتابخانە منداڵ فێری دایەلۆگ، ئاخاوتن، گفتوگۆ، هاوکاری و بیروڕا گۆڕینەوەی دەکات و ئەم گروپانە بۆ منداڵان زۆر چێژبەخشن(حمد، 2025). ئەم جۆرە چالاکییانە رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گەشەپێدانی تێگەیشتنی منداڵان لە چەمکەکانی وەک یەکسانی، دادپەروەری و ڕێزگرتن لە مافی ئەوانی تر لەناو گروپدا. کاتێک منداڵان پێکەوە کاردەکەن، فێردەبن کە چۆن ڕێز لە بیروڕای جیاوازی هاورێکانیان بگرن و چۆن بە شێوازێکی دیموکراتیانە بڕیار بدەن. ئەمە ئامادەکارییەکی باشە بۆ ژیانی دیموکراتیانە لە کۆمەڵگەی گەورەتردا وەک دیوی جەختی لێدەکردەوە (الجابری، 2017: 212).

### ز-شیکاری و هەڵسەنگاندنی "بیرکردنەوە/بیردەکەمەوە " (Thinking/I Think)

ئەم بڕگانە، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان لە پڕۆگرامەکەدا بەکارهاتوون، ئامانجی سەرەکییان وروژاندنی پرۆسەی بیرکردنەوەی منداڵە. پرسیارەکانی وەک "هاورێکەم حەزی لە چییە؟" یان "من چەندەمین کەسی خێزانەکەمم؟" یان "دوو بنەمای خۆشەویستی قوتابخانە بە هاورێکانم دەڵێم"، منداڵ هاندەدەن بۆ خود-تێڕامان، شیکردنەوەی دۆخەکان و دەربڕینی بیروڕای خۆی. ئەمە لەگەڵ جەختکردنەوەی دیوی لەسەر پەرەپێدانی "توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یەکدەگرێتەوە" (Simpson and Stack, 2017: 145) . هەرچەندە لەم قۆناغەی تەمەندا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ئاستێکی سادەدایە، بەڵام هاندانی منداڵ بۆ ئەوەی تەنها وەرگری زانیاری نەبێت و خۆی بیربکاتەوە، بناغەیەکی گرنگە. ئەم پرۆگرامە هەوڵدەدات تاکێکی بەهێز دروست بکات کە بتوانێت خاوەن بۆچوون و ڕەئی دەربڕین بێت، ئەم چالاکییانەی بیرکردنەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە( فتح الله، 2025). لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، ئەم چالاکییانەی بیرکردنەوە یارمەتی منداڵ دەدەن بۆ ئەوەی لە ماف و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی و ئەوانی تر تێبگات. کاتێک منداڵ بیر لەوە دەکاتەوە کە "مافی خوێندن بە خۆرایی ئەمانە دەگرێتەوە:..."، ئەوا بە شێوەیەکی چالاکانە خەریکی شیکردنەوەی مافێکی بنەڕەتییە. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێت داوای مافەکانی خۆی بکات و بەرگرییان لێبکات. پڕۆگرامەکە هەوڵدەدات تاکێکی بەهێز دروست بکات کە بتوانێت خاوەن بۆچوون و ڕەئی دەربڕین بێت، ئەم چالاکییانەی بیرکردنەوە یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە( فتح الله، 2025).

## س- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "چەند وشەیەک/دەستەواژەیەک بۆ فێربوون" (Vocabulary/Key Phrases)

ئەو دەستەواژانەی لە زۆربەی یەکەکان و وانەکانی پڕۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان"دا جێگیرکراوە، ڕۆڵێکی بنەڕەتی و یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە پەرەپێدانی توانای زمانەوانی منداڵ و قووڵکردنەوەی تێگەیشتنی لە چەمک و بەها پەروەردەیی و مرۆییەکاندا. ناساندنی وشە و دەستەواژە نوێیەکان بە شێوەیەکی ڕوون، سادە و لە چوارچێوەی بابەتەکاندا، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ نەک هەر مانای ڕووکەشی وشەکان فێربێت، بەڵکو لە گرنگی و بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا تێبگات. وشەگەلێکی وەک "ماف"، "یەکسانی"، "هاوکاری"، "ژینگە"، "تەندروستی"، "ڕاستگۆیی"، "دڵسۆزی"، "پێکەوەژیان" و "بەرپرسیارێتی" نەک هەر فەرهەنگی وشەی منداڵ دەوڵەمەند دەکەن و توانای دەربڕینی بەهێزتر دەکەن، بەڵکو بناغەی تێگەیشتنیان لە چەمکە بنەڕەتییەکانی مافی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. ئەم گرنگیدانە بە زمان وەک ئامرازێک بۆ بیرکردنەوە، پەیوەندی و تێگەیشتن لە جیهان، تەواو لەگەڵ دیدگای جۆن دیوی دەربارەی ڕۆڵی سەرەکی زمان لە گەشەی کۆمەڵایەتی، عەقڵی و ئەخلاقی تاکدا یەکدەگرێتەوە. دیوی پێیوابوو کە زمان تەنها ئامرازێک نییە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو ئامرازێکیشە بۆ داڕشتنی بیرکردنەوە و بنیادنانی مانای هاوبەش لەناو کۆمەڵگەدا-(Dewey, 1916: 290

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

295) . کاتێک منداڵ فێری ئەم وشە و دەستەواژە گرنگانە دەبێت و لە ماناکانیان تێدەگات، باشتر دەتوانێت بیروڕای خۆی دەربڕێت، لە گفتوگۆکاندا بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەشداری بکات و لە ماف و بەرپرسیارێتییەکانی خۆی و ئەوانی تر تێبگات. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بەرەو بنیادنانی هاووڵاتییەکی هۆشیار و چالاک.

### ش- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "پەیام/ئامۆژگاری" (Message/Advice)

پەیام و دروشمە کورت و پوختەکان کە لە شێوەی ڕستەی کاریگەر یان لەسەر وێنە و پۆستەرە بچووکەکانی ناو پرۆگرامەکەدا خراونەتەڕوو، وەک "ئاو ئایندەی ژیانە بە فیرۆی نادەم"، "کوردستان وڵاتی ئاشتی"، "دەستپاکی ڕەوشت بەرزەییە"، یان "مافی خۆمە لە توندوتیژی پارێزراوبم"، دەتوانن وەک بنەمایەکی ئەخلاقی و ڕەفتاری گرنگ لە مێشک و ناخی منداڵدا بچەسپێن و کاریگەری درێژخایەنیان هەبێت. ئەم پەیامانە زۆرجار پوختەی بەها سەرەکییەکانی یەکەیەک یان تەوەرەیەکی دیاریکراون و بە شێوازێکی سادە و ڕاستەوخۆ پەیامە سەرەکییەکە دەگەیەنن، کە ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی منداڵ بە ئاسانی وەریبگرێت و لەبیری نەکات. ئەم شێوازە لە گەیاندنی پەیام، جۆرێکە لە "فێربوونی کۆمەڵایەتی (Social Learning) "کە جۆن دیوی و لایەنگرانی تیۆری پێشکەوتنخوازی جەختیان لێدەکردەوە(Anderson, 2021: 24) . لەم ڕوانگەیەوە، بەها و نۆرم و ڕەفتارە پەسەندکراوەکانی کۆمەڵگە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، لەوانە پەیام و دروشمی سادە و دووبارەبووەوە، دەگوازرێنەوە بۆ نەوەی نوێ. کاتێک منداڵ بەردەوام ئەم پەیامە ئەرێنییانە دەبینێت و دەیبیستێت، وردە وردە دەبنە بەشێک لە سیستەمی بیرکردنەوە و بەهاکانی و کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و ڕەفتارەکانی دادەنێن. لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، پەیامەکانی وەک "کوردستان وڵاتی ئاشتی" یان "مافی خۆمە لە توندوتیژی پارێزراوبم"، ڕاستەوخۆ بەهاکانی ئاشتی، ئاسایش و پاراستنی کەرامەتی مرۆیی دەچەسپێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### ص- شیکاری و هەڵسەنگاندنی "ئەرکی ماڵەوە" (Homework)

ئەرکی ماڵەوە لەم پرۆگرامەدا بە شێوازێکی نوێ و جیاواز لە تێگەیشتنە تەقلیدییەکەی "وەزیفەی ماڵەوە" خراوەتەڕوو. لێرەدا، ئەرکی ماڵەوە زیاتر لە شێوەی چالاکی کرداری، پرسیارکردن، یان گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەندامانی خێزان، نەک تەنها دووبارەکردنەوەی وانەکان یان نووسینەوەی چەند لاپەڕەیەک. چالاکیی وەک "ئەم پارێزگایانە بە ئاراستەکانیان دەگەیەنم" (لەسەر نەخشە) یان "گفتوگۆ لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم لەسەر ئەو شتانەی لە ماڵەوە زیانمان پێدەگەیەنێت" (کە وێنەی مەترسییەکانی ناوماڵیشی لەگەڵدایە) یان "لەگەڵ دایك و باوکم باسی ئەوە دەکەین کوردستان نیشتمانی هەموومانە ئەگەر جیاوازیش بین"، چەندین ئامانجی پەروەردەیی گرنگ دەپێکن. یەکەم، فێربوون لە چوارچێوەی پۆل و قوتابخانە دەردەهێنن و درێژەی پێدەدەن بۆ ناو ژینگەی ماڵەوە، کە ئەمەش یارمەتی چەسپاندنی زیاتری چەمکەکان دەدات. دووەم، خێزانی دەکەنە بەشێکی چالاک و هاوبەش لە پرۆسەی فێربوونی منداڵدا. ئەمە تەواو لەگەڵ بنەمای "پەیوەندی نێوان قوتابخانە و ژیان"ی جۆن دیوی یەکدەگرێتەوە، کە پێیوابوو پەروەردە نابێت لە ژیانی واقعی منداڵ دابپڕێندرێت(الخالدي، 2018: 89). کاتێک منداڵ لەگەڵ دایک و باوکی گفتوگۆ دەکات دەربارەی مافەکانی یان بەهای پێکەوەژیان، نەک هەر خۆی زیاتر فێردەبێت، بەڵکو خێزانیش هۆشیار دەبێتەوە و ڕۆڵی خۆی لە پەروەردەکردنی منداڵدا بە شێوەیەکی ئەرێنیتر دەگێڕێت. ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی خێزانەکان ببنە پاڵپشتی چەسپاندنی ماف و بەهاکان(حمد،2025). لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە، ئەم جۆرە ئەرکانەی ماڵەوە دەتوانن ببنە هاندەرێک بۆ گفتوگۆی کراوە لەناو خێزاندا دەربارەی مافەکان و یارمەتی منداڵ بدەن بۆ ئەوەی هەست بەوە بکات کە مافەکانی لە ماڵەوەشدا ڕێزیان لێدەگیرێت.

### 4-3-3- ڕۆڵی خێزان لە پرۆگرامەکە و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا

پرۆگرامەکە، بە شێوەیەکی بەرچاو و هۆشیارانە هەوڵیداوە ڕۆڵێکی چالاک و ئەرێنی بدات بە خێزان لە پرۆسەی پەروەردە و گەشەپێدانی منداڵدا. ئەمە تەنها لە ئاستی تیۆری و پێشنیازدا نییە، بەڵکو لە ڕێگەی چەندین چالاکی و "ئەرکی ماڵەوە"ی کردارییەوە بەرجەستە کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کاتێک پرۆگرامەکە داوا لە فێرخواز دەکات کە گفتوگۆ لەگەڵ دایک و باوک و ئەندامانیتری خێزانەکەیدا بکات دەربارەی بابەتە فێرکارییەکان (بۆ نموونە، گفتوگۆکردن دەربارەی "پێکەوەژیان چی دەگەیەنێت؟" یان "بۆچی هەندێک منداڵ لە خوێندن بێبەشن و کار دەکەن؟" یان "کوردستان نیشتمانی هەموومانە ئەگەر جیاوازیش بین")، چەندین ئامانجی گرنگ دەپێکێت. **یەکەم**، پردێکی پتەو لەنێوان قوتابخانە و ماڵەوە دروست دەکات و وا دەکات فێربوون و گفتوگۆکردن لەسەر بەها و مافەکان تەنها لە چوارچێوەی پۆلدا قەتیس نەمێنێت، بەڵکو ببێتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵ لەناو خێزانەکەشیدا. **دووەم** ، ئەندامانی خێزانیش لە ڕێگەی ئەو چالاکییانەوە هۆشیاردەبنەوە کە منداڵان چی مافێکیان هەیە؟ ئەم هۆشیاربوونەوەی خێزان زۆر گرنگە، چونکە وادەکات ئەوانیش ببنە پاڵپشتێکی بەهێز بۆ چەسپاندنی ئەو ماف و بەهایانەی منداڵ لە قوتابخانە فێریان دەبێت و لە ماڵەوەش ژینگەیەکی گونجاو بۆ پراکتیزەکردنیان برەخسێنن(حمد،2025) . **سێیەم**، دەرفەت بۆ منداڵ دەڕەخسێنێت کە ئەوەی لە قوتابخانە فێری بووە، لەناو ژینگەی خێزانەکەیدا بە شێوازێکی نافەرمی و لە کەشێکی پڕ لە سۆز و متمانەدا دووبارەی بکاتەوە، گفتوگۆی لەسەر بکات و پرسیاری زیاتر بکات، ئەمەش یارمەتی چەسپاندنی قووڵتری چەمکەکان دەدات. ئەم جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی خێزان، لەگەڵ دیدگای جۆن دیوی دەربارەی گرنگی "پەیوەندی نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگە" (کە خێزان یەکەم و گرنگترین یەکەی کۆمەڵگەیە بۆ منداڵ) یەکدەگرێتەوە(Dewey, 1916: 20-25)، هەروەها لەگەڵ تێڕوانینی کولتووری کۆمەڵگەی کوردیدا هاوتایە کە بایەخێکی زۆر و تایبەت بە ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردن و ئاڕاستەکردنی منداڵدا دەدات. سەرکەوتنی ئەم لایەنەی پرۆگرامەکە، بێگومان، پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری، ئامادەیی و توانای خێزانەکانەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕۆڵە گرنگە.

### 4-3-4- ڕۆڵی مامۆستا لە پرۆگرامەکە و گەشەپێدانی مافەکانی مرۆڤدا

ڕۆڵی مامۆستا لەم پرۆگرامەدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە؛ لە مامۆستایەکی تەقلیدی کە تەنها گەیێنەری زانیاری بووە، گۆڕاوە بۆ ئاسانکار(facilitator) ، ڕێنیشاندەر (guide)، هاندەر(motivator) و هاوبەشێک (partner) لە پرۆسەی فێربوونی منداڵدا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیدگا نوێیە بۆ ڕۆڵی مامۆستا تەواو لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردەی پێشکەوتنخوازی جۆن دیوی یەکدەگرێتەوە، کە مامۆستای وەک ڕێکخەری ئەزموونە فێرکارییەکان و دروستکەری ژینگەیەکی فێربوونی چالاک و دیموکراتیک دەبینی (الحمداني، ٢٠٢١: ١٨٩). مامۆستا لەم پرۆگرامەدا بەرپرسیارە لە دروستکردنی کەشێکی پۆلی پڕ لە متمانە، ڕێزگرتن و کراوەیی، کە منداڵان بتوانن تێیدا بە ئازادی بیروڕای خۆیان دەربڕن، پرسیار بکەن، گفتوگۆ بکەن و لە هەڵەکانیانەوە فێربن. هەروەها، مامۆستا بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی چالاکییە کرداری و بەکۆمەڵەکان بە شێوازێک کە هەموو منداڵان بەشداری بکەن و هەست بە بەها و گرنگی خۆیان بکەن. لە پرۆگرامەکەدا مامۆستا ڕۆڵی ئاسانکار و ڕێنیشاندەر دەبینێت و فێرخوازان خۆیان چالاکییەکان ئەنجام دەدەن، ئەمەش پێویستی بەوەیە مامۆستا خۆی باوەڕی پتەوی بە فەلسەفەی پرۆگرامەکە و تواناکانی منداڵ هەبێت و خاوەنی کارامەیی پێویست بێت بۆ بەڕێوەبردنی پۆلێکی فێرخواز-سەنتەر( حمد، 2025) . لە ڕوانگەی گەشەپێدانی مافی مرۆڤەوە، مامۆستا دەبێت نموونەیەکی زیندوو بێت لە ڕێزگرتن لە مافی منداڵ، گوێگرتن لێیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە شێوازێکی یەکسان و دادپەروەرانە. پسپۆڕانی بواری پەروەردە و پرۆگرام نیگەرانی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە "نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ و تایبەتمەند" و ئەوەی کە "مامۆستایان وەک پێویست نەیانتوانیوە پەیامەکە بە منداڵان بگەیەنن،" هەروەها جەختیش لەسەر گرنگی ڕاهێنان و ئامادەکردنی مامۆستایان دەکەنەوە بۆ سەرخستنی ئەم پرۆگرامە(فتح الله،2025).

**4-3-5-ڕەچاوکردنی کلتووری کوردی و فرەیی کۆمەڵایەتی**

پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، هەوڵێکی بەرچاوی داوە بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ کلتووری کوردی و فرەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستاندا بگونجێنێت. ئەم هەوڵە زۆر گرنگە، چونکە بەپێی تیۆرییەکانی پەروەردەی هاوچەرخ، فێربوون کاتێک کاریگەر و مانادار دەبێت کە پەیوەست بێت بە ژینگە و ئەزموونی ڕاستەقینەی خودی فێرخوازەوە. هەروەك جۆن دیوی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پەروەردە نابێت لە کۆمەڵگا دابڕێندرێت (Al-Khalidi, 2018: 45)، ئەم پرۆگرامەش لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چەندین لایەنەوە هەوڵیداوە ئەم بنەمایە جێبەجێ بکات، یەکێک لە دیارترین هەوڵەکان بۆ ڕەچاوکردنی فرەیی، لە بەشی یەکەمی هاووڵاتیبوون، یەکەی "من و کۆمەڵگەکەم"دا دەبینرێت. چالاکیی "ڕەنگکردنی وێنەی پێکهاتە جیاوازەکان" (کورد، تورکمان، عەرەب) و دواتر "ڕەنگکردنی ناو بازنەی پێکهاتەکان" (کە سریان و ئەرمەنیشی تێدایە)، هەنگاوێکی زۆر گەورە و ستراتیژییە. ئەم چالاکییە بە شێوەیەکی زۆر سادە و بینراو، منداڵی پۆلی یەکەم بەو ڕاستییە ئاشنا دەکات کە کۆمەڵگای کوردستان تەنها لە یەک نەتەوە پێکنایەت. ئەمە یەکەمین تۆوی "ڕێزگرتن لە فرەیی نەتەوەیی" و "مافی یەکسانیی هەموو پێکهاتەکان" لە ناخی منداڵدا دەچێنێت. هەروەها، وێنەی نەخشەی کوردستانیش کە لەسەری نووسراوە "کوردستان وڵاتی ئاشتی"، بەهای "پێکەوەژیانی ئاشتییانە" وەک بەهایەکی باڵای نیشتمانی پێشکەش دەکات.

لەلایەکی دیکەوە، هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان هەوڵیداوە ڕەنگدانەوەی کولتووری و نەتەوایەتی کوردی بێت. بۆ نموونە، بەکارهێنانی وشەی "پێشمەرگە" وەک یەکێک لە پیشە گرنگەکانی کۆمەڵگا، ڕێزگرتنێکی ڕاستەوخۆیە لە قوربانیدانی پێشمەرگە و پێگەی تایبەتی لە کولتووری کوردیدا. ئەمە یارمەتی منداڵ دەدات کە هەست بە شانازی بە ناسنامەی نیشتمانیی خۆیەوە بکات. هەروەها، زۆرێک لە بەهاکانی ناو پرۆگرامەکە، وەک "ڕێزگرتن لە دایک و باوک و کەسانی بەتەمەن"، "دڵسۆزی بۆ خێزان" و "دەستپاکی"، بەهای باڵان لەناو کلتووری کوردیدا و پرۆگرامەکە کار لەسەر پاراستن و بەهێزکردنیان دەکات.

کەواتە، پرۆگرامی پۆلی یەکەم هەنگاوێکی زۆر گرنگ و پێشەنگی ناوە بۆ ڕەچاوکردنی فرەیی نەتەوەیی و بەها کلتوورییەکان. ئەمە بناغەیەکی زۆر باشە، بەڵام پێویستی بەوە هەیە کە ئەم تێڕوانینە فراوانتر بکرێت و هەموو لایەنەکانی فرەیی (ئایینی، زمانەوانی) و ڕەهەندە کولتوورییەکان بە شێوەیەکی قووڵتر و گشتگیرتر تێکەڵ بە تەواوی پرۆگرامەکە بکرێن.

### 6-3-4- ناوەڕۆکی پرۆگرام و میتۆدە هاوچەرخەکانی پەروەردە و فێرکردن

ناوەڕۆکی پرۆگرامی "کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان" بە ڕادەیەکی بەرچاو هەوڵیداوە لەسەر بنەمای میتۆدە هاوچەرخەکانی بواری پەروەردە و فێرکردن دابڕێژرێت. ئەوەش بە جەختکردنەوە لەسەر:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

- **فێربوونی چالاک(Active Learning)** : کە تێیدا فێرخواز بەشدارێکی سەرەکییە لە پرۆسەی فێربووندا، نەک تەنها وەرگرێکی پاسیڤ و ناکارا.

- **فێربوون لە ڕێگەی ئەزموون و کردارەوە (Experiential Learning/Learning by Doing)**: وەک لە چالاکی و پرۆژەکاندا دیارە، کە بنەمای سەرەکی فەلسەفەکەی دیوی پێکدەهێنێت(Dewey, 1938: 60-65).

- **فێربوونی هاوکارانە و بەکۆمەڵ(Collaborative/Cooperative Learning)** : لە ڕێگەی چالاکی گروپ و پرۆژەی هاوبەشەوە.

- **فێربوونی پرۆژە-تەوەر(Project-Based Learning)** : کە هانی فێرخوازان دەدات بۆ کارکردن لەسەر پرۆژەی واقعی و چارەسەرکردنی کێشە.

- **بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و چارەسەرکردنی کێشە (Critical Thinking and Problem Solving)**: لە ڕێگەی برگەکانی "بیرکردنەوە" و وروژاندنی پرسیارەوە.

- **فێربوونی گشتگیر و هەمەلایەنە(Holistic Learning)** : نەک هەر لایەنی زانستی، بەڵکو لایەنی کۆمەڵایەتی، سۆزداری و ئەخلاقیش دەگرێتەوە و ەک لە بنەمای "گەشەی هەمەلایەنەی کەسایەتی" لە تیۆرییەکەی دیویدا هاتووە (الشمري، 2023: 178).

- **پەیوەستکردنی فێربوون بە ژیانی واقعی :(Contextual Learning)** کە وا دەکات فێربوونەکە مانادارتر بێت.

هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەن کە پرۆگرامەکە هەوڵیداوە لەگەڵ ڕەوتە نوێیەکانی پەروەردەدا هاوئاهەنگ بنێت. لە پرۆگرامەکەدا هەوڵدراوە شێواز کلاسیکی پەروەردە و فێرکردن تێپەڕێنن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشت بە میتۆدە هاوچەرخەکانی پەروەردە و فیرکردن ببەستریت بەشیوەیەك فێرخواز سەنتەربێت.

**4-3-7-هەڵسەنگاندن و شیکاریی وێنەکانی پرۆگرام**

وێنەکان لەم پرۆگرامەدا تەنها بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان نین، بەڵکو وەک ئامرازێکی پەروەردەیی ستراتیژی و فرەئامانج بەکارهاتوون کە ڕۆڵێکی سەرەکی و کاریگەر دەگێڕن لە گەیاندنی پەیامەکان، ئاسانکردنەوەی تێگەیشتن لە چەمکەکان، هاندانی سۆز، هەست و پشتگیریکردنی چالاکییە کردارییەکان، شیکاری وردی زیاتر لە (100) وێنەی ناو پرۆگرامەکە (کە لە تەوەرەکانی پێشوودا ئاماژە بە ژمارەی هەندێکیان کراوە) دەریدەخات کە:

- هەر وێنەیەک بە وردی و زیرەکانە پەیوەستکراوە بەو تەوەر و بابەتەی کە لە هەمان لاپەڕە یان یەکەدا باسکراوە. بۆ نموونە، لە تەوەری "مافەکان"دا و یٌنەی منداڵان کە یاری دەکەن ڕاستەوخۆ( مافی یارییکردن) نیشان دەدات. لە تەوەری "کارامەییەکان"دا وێنەی منداڵێک کە ددانەکانی دەشوات (کارامەیی پاکوخاوێنی) نیشان دەدات.
- زۆربەی وێنەکان پەیامێکی ڕوون و ئاسان بۆ تێگەیشتنیان هەیە بۆ منداڵی پۆلی یەکەم. بۆ نموونە وێنەی منداڵێکی خاوەن پێداویستی تایبەت ، بە ڕوونی پەیامی( یەکسانی و گشتگیری) دەگەیەنن.
- وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕەنگە گەش و شادەکان و دیزاینی کارتۆنیی سادە و دڵخواز، ژینگەیەکی فێربوونی ئەرێنی دروست دەکەن و سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن.
- وێنەکان بە شێوازی جۆراوجۆر یارمەتیدەرن بۆ چەسپاندنی بەها، چەمک، کارامەیی و مافەکانی مرۆڤ. وێنەی منداڵان کە هاوکاری یەکتر دەکەن (بەهای هاوکاری ) نیشان دەدات. وێنەی ژینگەپارێزی (مافی ژینگەیەکی پاک و کارامەیی ژینگەپارێزی) دەخاتەڕوو. وێنەی دەربڕینی بیروڕا (مافی ئازادیی بیروڕا دەربڕین) نیشان دەدات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 8-3-4-چەمك و بەها جەخترلێكراوەكان و پەراوێزخراوەكان

**أ-  چەمک و بەها زۆر جەختلێکراوەکان لە پرۆگرامەکەدا:**

پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی بەرچاو جەختی لەسەر کۆمەڵێک چەمک و بەهای بنەڕەتی کردۆتەوە کە بناغەی پەروەردەیەکی مافپەروەرانە و کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن. لە گرنگترینیان:

- **مافی خوێندن و پەروەردەی یەکسان و گشتگیر** :ئەمە وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی پرۆگرامەکە دەردەکەوێت و بە شێوازی جۆراوجۆر و لە چەندین یەکە و چالاکیدا دووپاتکراوەتەوە.
- **مافی تەندروستی و ژینگەیەکی پاک** :گرنگییەکی زۆر بە لایەنی تەندروستی جەستەیی و دەروونی و پەیوەندی بە ژینگەوە دراوە و کارامەیی خۆپاراستن و پاکوخاوێنی بە وردی خراونەتەڕوو
- **مافی یارییکردن و پشوودان** :وەک پێداویستییەکی سەرەکی بۆ گەشەی سروشتی و هەمەلایەنەی منداڵ سەیرکراوە.
- **مافی ناسنامە و پاراستنی تایبەتمەندی کەسی (بە شێوەیەکی گشتی)** :بناغەی خودناسین و هەستکردن بە بوون و بەها و ڕێزگرتن لە خود.
- **مافی یەکسانی و جیاکاری نەکردن( عدم التمييز):** بەتایبەت لە ڕووی جێندەری (کوڕ و کچ)، توانای جەستەیی (ڕەچاوکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت) و  فرەنەتەوەیی و فرەکولتووری (ڕێزگرتن لە پێکهاتە جیاوازەکان).
- **بەها کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییە بنەڕەتییەکان** :وەک ڕێزگرتن (بۆ خود، خێزان، مامۆستا، هاوڕێ، یاسا، گەورەترەکان، جیاوازییەکان)، هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتری، ڕاستگۆیی و دوورکەوتنەوە لە درۆ، خۆشەویستی و هاوسۆزی، دڵسۆزی و پابەندبوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ب- چەمک و بەها کەمتر جەختلێکراوەکان یان ئەوانەی پێویستیان بە قووڵبوونەوەی زیاترە:**

لەکاتێکدا پرۆگرامەکە هەنگاوی باشی ناوە، هەندێک چەمک و بەهای تر هەن کە لەوانەیە کەمتر جەختیان لەسەر کرابێتەوە یان دەکرێت لە داهاتوودا بە شێوازێکی قووڵتر و کاریگەرتر بخرێنەڕوو:

- **مافی پاراستنی تایبەتمەندی کەسی(Privacy):** هەرچەندە ئاماژە بە ناسنامە کراوە، بەڵام چەمکی سنووری تایبەتی منداڵ و ڕێزگرتن لێی، پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە. لەوانەیە هۆکاری کەمتر باسکردنی، هەستیاری بابەتەکە بێت بۆ ئەم تەمەنە.
- **قووڵبوونەوەی زیاتر لە چەمکی دادپەروەری و نادادپەروەری لە پەیوەندییە ڕۆژانەییەکاندا:** تێگەیاندنی منداڵ لە دەرئەنجامەکانی نادادپەروەری و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، پێویستی بە نموونە و چیرۆکی کرداریتر هەیە. لەوانەیە وا بیرکرابێتەوە کە ئەم چەمکە بۆ منداڵی پۆلی یەک ئاڵۆزە.
- **فێرکردنی شێوازەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکی بە شێوازی ئاشتیانە و دیالۆگ:** ئەم کارامەییە زۆر گرنگە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە پرۆگرامەکەدا بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێنەکراوە.
- **مافی بەشداریکردنی کاریگەرتر لە بڕیاردان لەو بابەتانەی پەیوەندییان پێوە هەیە:** هەرچەندە ئاماژە بە گفتوگۆ کراوە، بەڵام پراکتیزەکردنی ڕاستەقینەی بەشداری لە بڕیاردان ، وەک (دانانی هەندێک ڕێسای پۆل بە دەنگی فێرخوازان) دەکرێت ڕوونتر و کاریگەرتربێت.

## دەرئەنجامەکان

1. پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان دیدگایەکی پەروەردەیی نوێخواز و فێرخواز-سەنتەری هەیە، کە لەگەڵ تیۆری پەروەردەی پێشکەوتنخوازی دیویدا دەگونجێت.
2. چەمک و بەهاکانی مافی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو و لە ڕێگەی چالاکی کردارییەوە خراونەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. دیزاینی بینراو و وێنەکان ڕۆڵێکی ئەرێنییان هەیە لە پرۆسەی فێربوون و گەیاندنی پەیامەکاندا.
4. هەوڵدراوە ڕەچاوی کولتووری کوردی و فرەیی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.
5. فێربوون بە ژیانی ڕۆژانەی منداڵەوە پەیوەستکراوە، کە ئەمەش فێربوونەکە مانادارتر دەکات.
6. پرۆگرامەکە توانایەکی بەرزی هەیە بۆ گەشەپێدانی هۆشیاریی مافی مرۆڤ و بنیادنانی کەسایەتییەکی ئەرێنی لای منداڵان.
7. هێشتا هەندێک بواری وەک قووڵبوونەوەی زیاتر لە هەندێک چەمکی مافەکانی مرۆڤدا (وەک مافی تایبەتمەندی و دادپەروەری ) پێویستیان بە پەرەپێدانی زیاترە.
8. مامۆستایان لەم پرۆگرامەدا ڕۆڵی ئاسانکار و ڕاوێژکار دەبینن، لە زۆرینەی چالاکی و پرۆژەکاندا رۆڵی بەرچاویان هەیە.دواجار سەرکەوتنی پرۆژەکە و گەیشتنە ئەنجامی پرۆگرامەکە، لەسەر چۆنیتی جێبەجێکردنی لەلایەن مامۆستایان و لایەنە پەیوەندارەکانەوە بەندە.
9. خێزان لەپرۆگرامەکەدا ڕۆڵێکی کارای پێدراوە، لەلایەکەوە وەك پشتیوانی قوتابخانە و پرۆگرامەکە، لەلایەکیترەوە یەکێکە لەو لایەنانەی لەریگەی پرۆگرامەکەوە هۆشیادەبیتەوە لەمافەکانی مرۆڤ.

## ڕاسپاردەکان

1. ڕاهێنانی بەردەوام، قووڵ و پسپۆڕانەی مامۆستایان لەسەر فەلسەفە و میتۆدەکانی پرۆگرامەکە.
2. دابینکردنی سەرچاوە، کەرەستەی فێرکاریی یارمەتیدەر و ژینگەی فێرکاریی گونجاو و هاندەر لە قوتابخانەکاندا.
3. بەهێزکردنی سیستەمی چاودێری، هەڵسەنگاندن و پێداچوونەوەی خولیی بە پرۆگرامەکەدا بە بەشداری هەموو لایەنەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. گرنگیدانی شایستە و پێویست بەم بابەتە لەناو خشتەی وانەکان و سیستەمی هەڵسەنگاندنی فێرخوازان، بۆ ڕێگریکردن لە پەراوێزخستنی پرۆگرامەکە.
5. هاندانی ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەکادیمی و مەیدانی سەربەخۆ لەسەر کاریگەری و لایەنە جیاوازەکانی پرۆگرامەکە.
6. لە کاتی پێداچوونەوە بە پرۆگرامەکەدا، بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن دەتوانرێت ئەو چەمک و مافانەی کەمتر جەختیان لەسەر کراوەتەوە، وەک( فرەیی ئاینی، مافی تایبەتمەندی، دادپەروەری لە ناکۆکییەکاندا و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە)، بە شێوازێکی کاریگەر بخرێنەڕوو.
7. لەگەڵ ئەوەی وینەکان بەشیوەیەکی گشتی گونجاون ، بەڵام باشتر وایە گوزارشت بێت لە کۆی پیکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

-نەجاتی، محەمەد سعید عەبدوڵلا(2018) مافەکانی مرۆڤ لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە، سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.
-وەزارەتی پەروەردە (2019) خستەبەرکاری پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەلایەتییەکان لە قوتابخانەکان بە شێوەی ئەزموونی، فەرمانی وەزاری ژمارە( 15348) لە ڕێکەوتی 2019/9/10.
-وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان(2025)،کۆنفرانسەکان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، )
https://www.bgprogram.org/?page=category_pdf&c=conference)، بەرواری سەردان.(4/4/2025 )
-یاسای پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە(13)ی سالی 2022 ، ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە(298)، 27/ شوباتی/2023، 8-9.
-بەکر، عەبدولکەریم محەمەد سعید (2018)بنەماکانی دیزاینی پرۆگرامی پەروەردەیی، سلێمانی: زانکۆی سلێمانی.
-حمد، یوسف عثمان، ئەندامی لیژنەی دانانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، ( چاوپێکەوتن)، 2025/4/13، کاتژمێر(11:00)ی سەرلەبەیانی، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-حەمید، شیلان ڕەسوڵ (2021) پەروەردە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی.
-عەبدوڵڵا، محەمەد سعید (2020) بنەماکانی کۆمەڵناسی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
-فتح الله، عبید خضر, ئەندامی لیژنەی دانانی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان،(چاوپێکەوتن)، 2025/4/13، کاتژمێر(11:45)ی سەرلەبەیانی، هەولێر.
-لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2019) پەرتووکی بەڵگەنامەی پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان- بۆ قۆناغی (1-9)، بەرێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان، بە سپۆنەسەری ڕیکخراوی یونسێف، هەولێر: چاپخانەی دارا پرینتینگ.
-لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە(2024) پرۆگرامی کارامەیی و بەها کۆمەڵایەتییەکان، قۆناغی بنەرەتی، پۆلی یەکەم، کتیبی فێرخواز، بەیوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان: چاپخانەی نورث لایت هولدینگ.

## سەرچاوە عەرەبییەکان

-ابراهيم، فاضل خليل( 2011) اساسيات في المناهج الدراسية, جامعة موصل: دار ابن الاثير للطباعة و النشر.

-أحمد، كمال محمد أحمد (2015) التربية على حقوق الإنسان في العالم المعاصر. لندن: روتلدج.
-احمد، محمد (2022) طرق التدريس الحديثة، القاهره: دار العلم للنشر.
-احمد، محمد عبدالقادر حسين (2020) 'فلسفة التربية عند جون ديوي: دراسة تحليلية نقدية'، الطبعة الاولى، القاهرة: دار المعرفة للنشر والتوزيع.
-احمد، محمد عبدالقادر (٢٠١٨) الأسرة والتربية على حقوق الإنسان: تكامل الأدوار مع المؤسسة المدرسية، الطبعة الأولى، القاهرة: دار الفكر العربي.
الجابرى، محمد عابد(2017)الديمقراطية وحقوق الإنسان. الطبعة الخامسة. بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
-الجوهري، محمد (2016) نظرية الدور في علم الاجتماع. القاهرة: دار المعرفة الجامعية.
-الحربي، فهد سعد محمد و السليمان، عبدالله ناصر احمد (2020).متطلبات تعزيز حقوق الإنسان في المناهج الدراسية. المجلة العربية للتربية، المجلد 40، العدد 2، ص 78-95.
-الحسن، علي عبدالكريم (2021) دور المعلم في تنمية حقوق الإنسان، القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.
-حسيني، محمد رضا (2023) نقش کتاب‌های درسی در توسعه ارزش‌های انسانی. تهران: انتشارات رشد.
-الحمداني، عبدالله (2021) أساليب التدريس الحديثة، الطبعة الثانية، بغداد: دار الكتب العلمية.
-الخالدي، محمد عبدالعزيز (2018) التربية التقدمية: أسسها وتطبيقاتها، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.
-الدليمي، عبدالرزاق محمد (2019) تحليل المضمون في البحث العلمي، الطبعة الأولى، عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-ديوي، جون (1916)الديمقراطية والتربية: مقدمة لفلسفة التربية. ترجمة: متى، نقولا. الطبعة الثانية. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.
-ديوي، جون (1938) الخبرة والتربية،ترجمه( الكيلاني، ماجد)، الطبعة الأولى، دمشق: دار الفكر.
-الشمري، خالد(2023) أسس التربية الأخلاقية، الطبعة الأولى، الكويت: مكتبة الفلاح.
-العامري، فاطمة حسن (2023) التربية الدولية والقيم العالمية في المناهج. أبوظبي: دار العلم للنشر.
-العبدالله، عبدالرحمن محمد سعد (2021) تعليم القيم في المدارس، مجلة دراسات تربوية، 20(1)، ص 167-189.
-علوان، عبد الكريم محمد يوسف(2020)حقوق الإنسان والحريات الأساسية، دراسة تحليلية مقارنة، عمان: دار الثقافة للنشر والتوزيع.
-علي، احمد محمد (2021) اصول التدريس الحديث، مكتبة الانجلو المصرية.
-العمري، محمد حسن علي (2021) دور الحكومة في تطوير المعلمين مهنياً، مجلة العلوم التربوية، المجلد 15، العدد 3، ص 45-62.
-المالكي، فهد سعد (2021)، التربية التقدمية في العالم العربي، جدة: دار خوارزم العلمية.
-محمد، علي و الخطيب، محمود (2019). أساسيات المناهج التربوية المعاصرة، عمان: دار المسيرة للنشر والتوءيع.
-محمدى، حسن (1401/ش،2022ز) مبانی روش‌های تدریس: انتشارات سمت.
-مرعی، توفيق عەبدولقادر(2015) نەزەرییەکانی فێربوون و پەروەردە، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
-المؤمني، أحمد خالد(2017) حماية حقوق الطفل في المواثيق الدولية والتشريعات الوطنية، عمان: دار وائل للنشر والتوزيع.

### سەرچاوە ئینگلیزییەکان

-Anderson, Michael Robert (2023) Teaching Methods: A Comprehensive Guide. Oxford Press.
-Anderson, P. (2021). Educational Psychology and Progressive Methods. Oxford: Oxford University Press.
-Biddle, B. J (2013) Role Theory: Expectations, Identities, and Behaviors، Academic Press.
-Davis, K. (2022). Progressive Education in Practice. Toronto: Educational Press.
-Dewey, J. (2018). The School and Society and The Child and the Curriculum. (Edited by: Simpson, D. J.). Charlotte, NC: Information Age Publishing.
-Donnelly, Jack Christopher (2021) Universal Human Rights in Theory and Practice. 4th ed. Ithaca: Cornell University Press.
-OHCHR (2020) World Programme for Human Rights Education: Third Phase Plan of Action. Geneva: Offic of the High Commissioner for Human Rights.

-Roberts, Emma (2024) Technology in Education. Educational Technology Review.
-Simpson, D. J., and Stack, S. F. (2017). Teachers, Leaders, and Schools: Essays by John Dewey. Carbondale: Southern Illinois University Press.
-Smith, J. (2019). Progressive Education: Theory and Practice. New York: Routledge.
-Smith, Patricia L. and Ragan, Tillman J (2019) Instructional design. New York: Wiley.
-Thompson, James (2023) Teaching Methods: A Comprehensive Guide. Academic Press.
-UNESCO (2006) Manual for Human Rights Education: Guidelines for Teachers. Paris: UNESCO Publishing
-United Nations General Assembly. (2011). United Nations Declaration on Human Rights Education and Training. A/RES/66/137. Available at: https://www.un.org [Accessed 13 January 2025].
-Wilson, R. (2020). Understanding Progressive Education. Boston: Pearson Education.

---

# The Role of the Skills and Social Values Educational Program in Developing Human Rights

## - The First Stage of Basic Education as a Model

**Shwan Rahim Karim**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: shwan82.hroch@gmail.com

**Asst. Prof. Dr. Asrin Zrar Qader**
Department of Sociology, College of Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Email: asrin.qader@su.edu.krd

## Abstract:

This research presents an analytical assessment of the "Skills and Social Values" curriculum for the first stage of basic education in the Kurdistan Region-Iraq, critically evaluating its effectiveness in cultivating human rights concepts and values among young students. Rooted in John Dewey's "Progressive Education" theory, the research employs a qualitative methodology, specifically content analysis, to meticulously examine the curriculum's units, texts, images, and prescribed activities. The significance of this research lies in its provision of a scientific, evidence-based evaluation of this key educational program. It aims to precisely identify which human rights and associated values are prominently featured, which receive insufficient attention, and which might be overlooked within the current framework. Key objectives include: comprehensively presenting and appraising the curriculum's content concerning human rights; clearly distinguishing between rights that are adequately addressed and those that are neglected; and proposing practical, modern educational strategies to bolster human rights development in early education.The research population is the education system of the Kurdistan Region, with the specific sample being the "Skills and Social Values" curriculum for first-grade basic education students. All constituent elements of this curriculum serve as units for detailed analysis. This research is anticipated to provide a valuable resource for educational planners, curriculum developers, and policymakers. Ultimately, it seeks to contribute to the ongoing refinement of the education system, fostering a more robust, integrated, and central focus on human rights principles, ensuring they are foundational to early learning experiences.

**Keywords**: Educational Program, Role, Human Rights Development, Progressive Education Theory, Content Analysis Methodology.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١١) – ژمارە(٣)، هاوین ٢٠٢٦

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# دور المنهج التربوي المهارات و القيم الاجتماعية في تنمية حقوق الإنسان
## المرحلة الأولى من التعليم الأساسي نموذجا

**ملخص :**

يقوم هذه الدراسة بتحليل لمحتوى منهج "المهارات والقيم الاجتماعية" للمرحلة الأولى من التعليم الأساسي في النظام التربوي بإقليم كردستان-العراق، وتسلط الضوء على دور هذا البرنامج في تنمية مفاهيم وقيم حقوق الإنسان لدى الطلاب. تستند الدراسة في تحليلها وتقييمها للمنهج إلى مبادئ نظرية "التربية التقدمية" التي وضع أسسها الفيلسوف والخبير التربوي الأمريكي جون ديوي (1859-1952). تم في هذه الدراسة استخدام المنهج النوعي وأسلوب تحليل المحتوى لتحليل دقيق للوحدات والنصوص والصور والأنشطة المتضمنة في المنهج. تكمن أهمية الدراسة في أنها تقدم قراءة علمية لبرنامج تربوي، وتسعى لتحديد الحقوق والقيم التي تم التركيز عليها، أو التي حظيت باهتمام أقل، أو تم إغفالها. تتمثل الأهداف الرئيسية للدراسة في: عرض وتقييم محتوى المنهج، تحديد الحقوق التي تم الاهتمام بها وتلك التي تم إهمالها، وتقديم استراتيجيات تربوية حديثة لتنمية حقوق الإنسان. يتمثل مجتمع البحث في نظام التعليم بإقليم كردستان، أما العينة فتتمثل في منهج "المهارات والقيم الاجتماعية" للصف الأول الأساسي. وتشمل وحدات التحليل جميع مكونات المنهج. يُؤمل أن تشكل هذه الدراسة مصدراً مهماً للمخططين والمسؤولين في مجال التربية والتعليم، وأن تساهم في تطوير نظام التعليم نحو إيلاء المزيد من الاهتمام بحقوق الإنسان.